# دایک

**بێرتۆڵد بڕێشت**
**وەرگێڕ: خالید خاکی**

پێشکەش بە تیپی شانۆیی شانۆ
خالید.

**لە باتی پێشەکی**

ئەرکی سەر شانی شانۆگەری و هەروەها گشت هونەرێکیتر، لە کۆنەوە سەر قاڵ کردن بووە و ئەمەیش پلەیەکی تایبەتی بۆ دیاردە کردووە. شانۆگەری جگە لە دڵشاد کردن، نیازی بە هیچ ئیزن و ئیجازەیەک نییە. بەڵام لە گشت هەرێم و چاخێک نیازی بەم ئیزن و ئیجازە هەیە.

هەگە بۆ وێنە پێمان وابێ کە بە گۆڕانی شانۆ بە بازاڕێکی ساوسەودای ئاکار ورەووشت، دەکرێ پلەیەکی بەرزتری بۆ دابین بکەین،لە هەڵە داین،... .

تەنانەت ئەرکی فێرکاری و زانیاریش نابێ بخرێتە ئەستۆی شانۆگەری... .

شانۆگەری یانی سەرقاڵ کردن و هەڵبەت هۆی سەرقاڵی نیازی بە داکۆکی نییە.

**بڕێشت. سەبارەت بە شانۆگەری. چ ف**

**دەورگێڕەکان:**

دایک		پلاگە ئا ولاسۆڤا
کوڕەکەی		پاوول ولاسۆڤ
مامۆستا		نیکۆلای وسۆفچیکۆڤ، برای ئیوان
شۆستا کۆویچ	پیاوێکی بەتاڵ
ئیگۆر لوشیف	یەکێ لە مانگرەکان
قەساو		واسیل یفیمۆڤیچ
ژنی قەساو
کارپۆڤ		کرێکار
ئیسمیلگین	کرێکار
ئانتوان ریبین	کرێکار
ئاندرە ناخۆدکا	کرێکار
ماشا کالاتۆڤا	کرێکار
ژنێکی فرۆشیار
بەرپرسی دامرکاندنەوە و  هێمنایەتی کارگا
بەرپرسی هێمنایەتی
کومیسێر
درگاوان
چاودێر
دوو کەس لەوانەی دەستیان لە مان گرتن هەڵگرتووە.
ژنێکی کرێکار
سێ کرێکار
چوار ژن
ژنێکی رەش پۆش
خاوەن ماڵ
دوکتور
بەرپرس
کارەکەر

**تابلۆی یەکەم. ژووری پلاگە ئا ولاسۆڤا**

دایک. پاوول ولاسۆڤ

کازێوە. کوڕە لە بۆ ڕۆیشتن بۆ سەرکار خۆ گرد و کۆ دەکاتەوە. دایک خەریکە چێشتی بۆ لێدەنێ.

**دایک:** ترێق دەبمەوە ئەم شۆربا بێ تامە بنێمە بەردەس کوڕەکەم. بەڵام لەمە زیاتر، تەنانەت لوتە کەوچکێکیش زیاتر ناتووانم ڕۆنی تێبکەم. هەر لە حەوتەی پێشوودا کاژێرێ کوپکێکیان لە مزەکەی کەم کردەوە. منیش خۆ دەسەڵاتی هیچم نییە. پێت وایە کە نازانم بەو گشتە کارەوە کە ئەیکات نیازی بە چێشتی خەس و خۆڵ و چەورە؟ لام سانا نییە کە ئەم شۆرباوەی بۆ دانێم. هێشتا هەرزەکارە. زۆر لەگەڵ بابیا تەوفیری هەیە. ئەم کتێبە گەورانە دەخوێنێتەوە و بە بای خەیاڵیشیا نایەت کە پێخۆریش بۆ لەش پێویستە. شۆرباوەکەمان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بێتامتر دەبێت و ئەویش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زویرتر و بێ گیانتر.

( چێشتەکە دەباتە بەردەس کوڕەکەی و خۆی دەگەڕێتەوە و لەلای چراکەوە چاو لە کوڕەکەی دەکات، کوڕەکەی بە بێ سەر هەڵبڕین لە کتێبەکە سەری چێشتەکە لا دەبات و بۆن دەکات و پاشان دەستی تێوە دەنێ و لەبەردەم خۆی دوور دەخاتەوە.)

دیسانیش لوتاوێژی لێدەکات. چبکەم؟ لەمە چاتر نابێت. ئەنجام خۆی تێدەگات کە منیش کارێکم پێ ناکرێت و نان خۆری بێ خێرم. جیا لەمانە من بۆ ئەبێ گۆشتی گەردە ملی ئەو بم و ئەو بەخێوم کات؟ لەگەڵ ئەوەیشا هیچ ناڵێت و سەری بە کاری خۆیەوە قاڵە. من چیم دەسەڵاتە؟ من. پلاگە ئاولاسۆڤای چل و دووساڵە. بێوەژنێکی هەژار و دایکی هەتیوێکی کرێکار. پێش

لەوەی کوپکێک خەرج بکەم ماوەیەکی زۆر سەرنجی ئەدەم. جارێک لە پارەی دار لا دەخەم و جارێ لە پارەی جل و بەرگ، بەڵام بێ کەڵکە. هیچ کونێ ناگرێ و قوژبنی پڕ ناکاتەوە و ناتووانم کەلێنێکی بۆ پڕ کەمەوە. بێ بایەخە.
(پاوول و لاسۆڤ چێشتەکەی و کڵاوەکەی هەڵدەگرێ و دەڕوات، دایک خەریکی ماڵ خاوێن کردنەوە دەبێ.)
وێژەران
سروودێ بۆ دایک کە کرێکاران پێشکەشی دەکەن:
کراسی کۆن بە شۆردن نوێ نابێتەوە
هەڵبەت، خاوێن دەبێتەوە
وورشە دەدا و درەوشێتەوە
بەڵام هەرگیز، نوێ نابێتەوە.

با خاوەنی دەسپوختێکی چا بی
دروست کردنی گشت چێشتێ بزانی
کاتێ کە پارەت نەبێ
خەیاڵی خاو مەکە، ئاش بەتاڵە
باشترین چێشت هەر ئاوی کاڵە

هەر چەند خۆ بڕەتێنی
لە زگ لاخەی بە نهێنی
بێ بایەخە خۆ
کەڵکی نییە بۆ تۆ.

لێرە جگە لە نەبوونی
هیچ شتێ زیاتر نابینی

لەمەیش زۆر خراۆتر دەبێ
دنیا هەر وایش نامێنێ
بەڵام تۆ چیت پێدەکرێ
بەڵام تۆ چیت پێدەکرێ.

مینا مەلێکی بێ داڵدە کە لە زستانا
لە گێژاوی کڕێوە و سەرما و بارانا
رێ هەڵە دەکا و ناتوانێ بێچوە برسییەکانی تێر کا و
لەش بە بای نائومێدیا هەڵدەواسێ
کۆششی بێ وچانی تۆیش جێ ناگرێ و
ئەنجام لەش بە بای نائومێدیا هەڵدەواسی.

لە خۆ دەنەوی و زۆر هەوڵ ئەدەی
لار رێکۆ دەکەی
کراسەکەت دەشۆی، پینەی دەکەی
بەڵام بە بێ پارە و بە دەستی بەتاڵ
بایەخ دار بونت محاڵە محاڵ

ئەی خاوەن بیر و هۆش
مەنجەڵ لە خۆڕا نایەتە جۆش

هەرچەن خۆ بڕەتێنی
لە زگ لاخەی بە نهێنی
بێ بایەخە خۆ
کەڵکی نییە بۆ تۆ.

لێرە جگە لە نەبوونی
هیچ شتێ زیاتر نابینی

لەمەیش زۆر خراپتر دەبێ
دنیا هەر وایش نامێنێ
بەڵام تۆ چیت پێدەکرێ؟
بەڵام تۆ چیت پێدەکرێ؟

**تابلۆی دووهەم- ژووری پلاگە ئاولاسۆڤا**
ئانتوان. پاوول. ئاندرە. ئیوان. ماشا. دایک. بەرپرسی هێمنایەتی. کومیسێر
( دایک کاتێ کوڕەکەی لە ناو کرێکارە مانگرتوەکان دەبینێ پەرۆش دەبێ)
**ئانتوان:** پاوول تۆ کاتێ پێوەندیت لەگەڵ مە گرت و بویتە یەکێ لە ئەندامان، ووتت هەر کاتێ پێویست بوو دەتوانین بین بۆ ئێرە. تا ئێستا ئێمە نەهاتوینەتە ئێرە و مادام وەهایە ئیرە هێنایەتیەکی زیاتری هەیە.
**پاوول:** دەتانەوێ چ بکەن؟
**ئاندرە:** ئێمە دەبێ هەواڵ نامەکانی ئەمڕۆ چاپ بکەین. کرێکارەکان لە کەم بوونەوەی مزی رۆژانەیان زویرن. ئێستا سێ رۆژە کە لەسەر کارا هەواڵ نامە بڵاو دەکەینەوە. ئەمڕۆ بەرەی کۆسسی بێوچانی خۆ دەبینین. پاش نیوەڕۆ لە کۆبوونەوەی کارگادا دەبێ بزانین کە ئاخۆ لە گەڵ چۆنایەتی ئێستادا رێک دەکەوین یا خۆ دەبێ مان بگرین!
**ئیوان:** مەکینەی چاپ و کاغەزیشمان هێناوە.
**پاوول:** دانیشن. ئێستا دایکم چامان بۆ ساز ئەکات.( دەچنە لای مێزەکە)
**ئانتوان:** سیدۆر لە کوێیە؟
**ماشا:** براکەم نەهاتوەتەوە. دوێنێ شەو کاتی رۆیشتنەوە بۆ ماڵ، زەلامێک بە دوایەوە بووە، وەکوشتێ پۆلیس بووبێ. بۆیە ئەمڕۆ یەک راست رۆیشتەوە بۆ کارگا و ...
**پاوول:** هێواشتر قسە بکەن. وەها باشە دایکم دەنگمان نەبیسێ. تا ئێستا هیچم پێ نەووتە. ئەو ئێتر تەمەنی تێپەڕیوە و مێشکی کۆنە. بۆ ئەم کارانە نابێ.

**ئانتوان:** ئەمیشە " ئێستەنسێل"( خەریک دەبن. پەردەیەکی ئەستوور بە دەلاقەکەوەیە)
**دایک:** ( لەگەڵ خۆیا) هیچ پێم خۆش نیيە پاوولی کوڕم لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا هەڵس و کەوتی ببێ، پێش لەوەی دەستکەوتێکیان دەست کەوێ لە منی جیا دەکەنەوە. ئەوان تێزە تێزەی پاوول ئەدەن و تووشی گێرە و کێشەی دەکەن. من بۆ ئەم جۆرە کەسانە چا ساز ناکەم(بەرەولای مێزەکە دەچێ) ببورە پاوول ناتوانم چایی دەم بکەم. ئاخر ئەونەمان نەماوە کە بەشی قۆرییێک بکات.
**پاوول:** دە دایە گیان چاییەکی کەم رەنگمان بۆ دروست بکە.
**دایک:** (دەگەڕێتەوە و لەسەر کەتەکە دادەنیشێ) هەگە چا لێ نەنێم دەزانن خۆشم لێیان نایەت. بەڵام ئەمانە مافی چییان هەیە بێنە ئێرە و ئەوەندە هێواش قسە بکەن کە من تەنانەت وشەیەک لە قسەکانیانم بۆ ساخەوە نەبێ.( بەرەولای مێزەکە دەچێ) پاوول من نامەوێ خاوەن ماڵ ببینێ کە ئەمانە بەیان و نابەیان دێن بۆ ئێرە و لەم چتانە چاپ دەکەن. بەم کارانەی کرێ خانوو نادرێت.
**ئیوان:** خانمی ولاسۆڤا تۆ دەبێ بە ئێمە متمانە بکەی. ئێمە زیاتر لە گشت شتێ لە بیری کرێ خانووەکەی ئێوە داین. راستتان دەوێ ئەمە تەنیا شتێکە کە بیری لێ دەکەینەوە، هەرچەند بەرواڵەت وەها نییە.
**دایک:** من کە سەرم سووڕ ئەمێنێ...( دەگەڕێتەوە)
**ئانتوان:** پاوول وەها دیارە دایکت لە بوونی ئێمە خۆشحاڵ نەبێ...

**ئیوان:** دەگمەن تێبگات کە ئەم کارانە بۆ ئەوە دەکەین کە ئەو بتوانێ چا بکڕێ و کرێ خانووەکەی بدا.
**دایک:** جا وەرە سەیر ئەو پەن و مەسخەرە. هیچ شتێ بۆیان گرینگ نییە. دەیانەوێ پاوول چی لێ بکەن؟ پاوول کاتێ چوە کارگا زۆر دڵشاد بوو هەڵبەت مزەکەی کەم بوو، بەڵام هەر باش بوو، لەم دواییانەشدا کە رۆژ لەگەڵ رۆژ کەمتەوە بوو. بەڵام هەگە لەمەیش کەمتر بێتەوە،من هیچ نەخۆم و سێ ژەمە بەڕۆژوو بم چاترە تاوەکو... ئەم گشتە کتێب خوێندنەوەشی زویرم دەکات. ئەم نابنیامانەش کە دەوریان داوە زیاتر تەنگم پێتون ئەکەن و دەبینم ئەو لە باتی ئەوەی کە شەو ئەرخایەن بنوێت، رادەچڵەکێت و خورد و خەوی لێ حەرام بووە. ئاوا بڕواتە پێش، کارەکەیشی لە دەست دەبێتەوە.
**ماشا:** ( بۆ دایک دەخوێنێ)
(سرودی دەبێ چ بکەین؟)
کاتێ سفرەکەت خاڵییە
ئیشتیات لە نانی ماڵییە؟!
ئەبێ ئەم شیرازە بچرێنی
ئەم کۆت و بەندە بپسێنی
دە هەستە تێکۆشە
بەرگی هیممەت بپۆشە

کاتێ کار نییە و بە تاڵی
هەر خۆتیت و گیرفانی خاڵی
چارت ناچارە
بەشت هەر ئازارە

ئەبێ ئەم ژیانە بگۆڕی تۆ
خۆت کارگاکان بگریتە ئەستۆ
ئەوسا لە گشت شوێن و لایەک
کا ئێجگار فراوانە
پۆشتە دەبێتەوە، تێر دەبێ
ئەوەی هەژار و بێ نانە

ئەوان گاڵتەت پێدەکەن
بە نەزانت لە قەڵەم دەدەن
دە هەستە تێکۆشە
بەرگی هیممەت بپۆشە
نەخشەکەت بە جوانی دابڕێژە
نائومێدی لە گۆڕی دڵا بنێژە
دەهەستە تێکۆشە
بەرگی هیممەت بپۆشە.

( چەند دەنگێ لە دەرەوە) ئاگاداری خۆتان بن. بەرپرسی هێمنایەتی هات...

**ئاندرە**: کاغەزەکان وەشارن! ( ئیوان درگاکە دادەخا. ئاندرە مەکینەکە لە دەس پاوول دەستێنێ و لە دەلاقەکەوە رایەڵی دەکا بۆ دەرەوە. ئانتوان لە سەر کاغەزەکان دادەنیشێ)

**دایک**: گوێ گرە پاوول! بەرپرسی هێمنایەتی بۆ هاتە بۆ ئێرە؟ خۆت تووشی چی کردە؟ لە ناو ئەم کاغەزانەدا چی نووسراوە؟

**ماشا**: ( ئیباتە لای دەلاقەکەوە و لەسەر کەتێک دایدەنێت) خانمی ولاسۆڤا تکا دەکەم ئالێرە بێدەنگ دانیشن و هیچ مەڵێن.

( ئیوان دەرگاکە دەکاتەوە بەرپرسی هێمنایەتی و کومیسێرێک دێنە ژوورەوە)
**بەرپرس**: مەبزون! هەر کەس ببزوێ تەقەی لێدەکەم! قوربان ئەمە دایکی و ئەمەیشە خۆی.
**کومیسێر**: پاوول ولاسۆڤ! من هاتووم مالەکەتان بپشکنم. بەڵام تۆ وەها دیارە بووبێتی بە ئەندامی ئەم تاقمە نەگریسە...
**بەرپرس**: ئەمەکە لێرەیە خۆشکی سیدۆر کالاتۆڤە کە هەر ئەمڕۆ گرتمان. ئەمانە هەموویان لەوانەن کە ووتم.
**ماشا**: چیتان کردە لە براکەم؟
**کومیسێر**: من هەڵگری باشترین ئاواتەکانی دڵی براکەتم. ئەو لە ژێر چاودێری ئێمە دایە، جارێ خەریکە وانەی شۆڕش بە ئەسپێ و کێچی ناو پێخەفەکەی فێر دەکات و ئەوانیش باش گوێی بۆ رادەگرن. هەڵبەت بە داخەوە هەواڵ نامەیان نییە.
( کرێکارەکان بە یەکا دەڕوانن)
**کومیسێر**: هەگە باش لە بیرم مابێ هێشتا یەک دوو سلوولی چۆڵمان هەیە. هەگە بە هەڵەدا نەچووبێتم چەند ساتێ لەمەوبەر دەنگی گۆرانیەکی خۆشم دەبیست. ئاخ داوای لێبوردنتان لێدەکەم. ببورن کە هاتنی من بووە هۆی بڕاننەوەی گۆرانیەکەتان، بەڵام منیش حەزم لە مۆسیقایە. خانمی ولاسۆڤای خۆشەویست من بەداخەوەم کە ئەم گۆرانییە تایبەتیە لە ماڵی ئێوەدا دەخوێندرێ چون من دەبێ بگەڕێم و بزانم نوتەکانی ئەم مۆسیقایە لە کوێیە. ئێمەیش زۆرمان پێخۆشە کە بتوانین گۆرانی بڵێین. هەرچەند لەوانەیە دەنگی مە هەندێ بۆڕ بێت( دەڕوات بۆ لای کەتەکە) تکا دەکەم

گوێم بۆ راگرن خانمی ولاسۆڤای ئازیز بۆ وێنە من ناچارم ئەم کەتە لەت و پەت بکەم. پێتان خۆشە؟

**پاوول**: ئێوە هەرگیز هیچ پارەیەکتان لێرە چنگ ناکەوێ. ئاخر ئێمە کرێکارین و پارەیەکی زۆرمان پێ نادەن.

**کومیسێر**: بڕواننە ئەم ئاوێنە. ئاخۆ دەبێ حەتمەن دەستی بەرپرسێکی بێ بەزەیی بیشکێنێ؟ ( ئاوێنەکە دەشکێنێ) تا ئەو جێگەی من دەزانم ئێوە ژنێکی بەڕێزن و هەڵبەت لە نێو ئەم کەتەدا شتێ دانەشاریا بوو، بڕواننە ئەم کەشاوە کۆن و جوانە ( سەرەونخونی دەکاتەوە) بڕوانن لێرەیشدا هیچ قایم نەکرا بوو. ولاسۆڤا! ولاسۆڤا! ئەو کەسانەی کە بەڕێزن زیانیان بۆ کەس نیەیە. بۆ دەبێ زیانیان ببێ ئەمیشە کاسەی رۆنە و ئەمەیش کەوچکێکی بچکۆلانە، بڕوانن چەنێ جوانە! ( لە تاقەکەی هەڵدەگرێ و دەیدا بە عەرزا) ئۆف. کەوتە خوارەوە. بەڵام جگە لە رۆن هیچی تیا نییە.

**پاوول**: بەڵام زۆر کەمە، کومیسێر رۆنەکە ئێجگار کەمە. لە ناو سفرەکەیشا تەنیا نەختێ نانە رەقەمان هەیە و قوتوی چاییەکەش زۆری تیا نەماوە.

**کومیسێر**: ( بە بەرپرس) بەڵکوو کاسەکە رامیار بێ. ولاسۆڤا! ولاسۆڤا بۆ دەبێ لەم تەمەنەدا لەگەڵ ئێمەی تانجی تێکەوی؟ بڕوانە ئەم پەردانەتان چەنێ جوانە. بینینی ئەم پەردانە مرۆڤ سەرخۆش دەکات.( دەیاندڕێنێ)

**ئیوان**: ( بە ئانتوان کە پەشۆکاوە و ناڕەحەتی مەکینەی چاپەکەیە) دانیشە، دەتکوژن!

**پاوول**: ( به دەنگی بەرز و بۆ سەر قاڵ کردنی کومیسێر) بۆچ کاسە رۆنەکەت شکاند؟
**ئاندرە**: ( بە بەرپرس) هەڵیگرەرۆ!
**بەرپرس**: ئەمەیش " ئاندرە ناخۆدکا" یە. خەڵکی رووسیەی بچووک.
**کومیسێر**: ( لە مێزەکە نزیک دەبێتەوە) ئاندرە ماکسیمۆویچ ناخۆدکا. ئاخۆ راستە کە تۆ بە هۆی ئیشی رامیارییەوە چەند جار گیریاوی؟
**ئاندرە**: بەڵێ لە " رۆستۆڤ" و " ساراتوڤ" ە. بەڵام بەرپرسی هێمنایەتی ئەوێ بەشەر بوو.
**کومیسێر**: ( هەواڵ نامەیەک لە گیرفانیەوە دەردێنێ) زۆر باشە جەناب. دەکرێ بفەرمووی ئەو نابەشەرانەی کە ئەم هەواڵ نامە خەیانەتکارانە لە کارگا بڵاو دەکەنەوە کێن؟
**پاوول**: خەریکین تماشای نابەشەرتەرین نابەشەرەکانی سەر عەرز دەکەین.
کومیسێر: پاوول پا لە بەرەی خۆ زیاتر دامەکێشە. کاتێ من قسە دەکەم تۆ بێدەنگ دانیشە و گوێ راگرە.
**دایک**: خوێنی خۆتان پیس مەکەن. تکاتان لێدەکەم ئێوە هێشتا گەنجن و بێ نانیتان بە خۆتانەوە نەدیتووە. ئێوە مز لە دەوڵەت وەر دەگرن کە بتوانن بێن بۆ ئێرە و ماڵی مە بشەوێنن و بزانن کە رۆنمان نی‌یە.
**کومیسێر**: زۆر زوو دەستت کرد بە گریان ولاسۆڤا. بەڵام فرمێسکەکانت جارێ هەڵگری چاترە. بەکارت دێن. لە باتی ئەم کارانە ئاگاداری کوڕەکەت بی باشترە( روو دەکاتە کرێکارەکان) رۆژێ دەگات کە ئیتر زۆڵیەتی قازانجی تێدا نەبێ( دەڕواتە دەرۆ)

**ئیوان:** ( لە پشت دەرگاکەوە گوێ هەڵدەخات) ڕۆیشتن، دوورەوە کەوتن.
( کرێکارەکان ژوورەکە کۆ دەکەنەوە)
**ئانتوان:** پلاگە ئا ولاسۆڤا دەبێ بمانبوری. پێمان وا نەبوو وەها زوو شکمان تێ بخەن.ماڵەکەتانیان تەواو شێوان بە یەکا.
**ماشا:** زۆر ترسان خانمی ولاسۆڤا؟!
**دایک:** بەڵێ، چون دەبینم پاوول خراپ پێوە بووە.
**ماشا:** بەڵام بە رای ئێوە کاری ئەوان باشە کە ئاوا ماڵەکەی ئێوەیان شێوان؟ ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی کە کوڕەکەتان داوای مزی ئیشی خۆی دەکات ؟!
دایک: کاری ئەوان باش نییە. بەڵام کارەکەی ئەمیش باش نییە.
**ئیوان:** ( دیسان لە پشت مێزەکە دانیشتووە) هەواڵ نامەکان چۆن بڵاو بکەینەوە؟
**ئانتوان:** گیارم چون پۆلیس دەیەوێ بمانگرێ هەواڵ نامەکان بڵاو نەکەینەوە. هەگە وەها بێ جگە لە قسەکردن چمان کردووە؟ هەر چۆنێ بێ دەبێ هەواڵ نامەکان بڵاو بکرێنەوە.
**ئاندرە:** چەن دانە؟
**پاوول:** نزییکەی پانسەد دانە.
**ئیوان:** کێ دەبێ بڵاویان بکاتەوە؟
**ئاندرە:** ئەمڕۆ نۆرەی پاوولە ( دایک بە ئیشارەت ئیوان بۆ لای خۆی بانگ دەکات)
**دایک:** کێ دەبێ بڵاویان بکاتەوە؟
**ئیوان:** پاوول. بەڵام زۆر جێی مەترسی نییە.
**دایک:** جێی مەترسی نییە؟ دەتانەوێ پاوول بنێرن و پێشی دەڵێن جێی مەترسی نییە!

**ئیوان:** پێویستە.
**دایک:** پێویست**!** هەوڵ بە کتێب خوێندنەوە و درەنگ هاتنەوە دەس پێدەکات. دوای ئەوە کار کردن لە ماڵەوە ئەویش بە مەکینەیەک کە دەبێ لە دەلاقەوە رایەڵ کرێت. تازە دەبێ دەلاقەیش بە پەردەیەکی ئەستوور حەشار درێت. دەبێ بە ئەسپایی راوێژ کرێیت. پێویستە**!** پاشان لە کارگا رووداوێک روو دەدات کە هیچکەس بۆ منی باس ناکات. لە کۆتاییشدا پۆلیس دێتە ماڵەوە و لەگەڵ مرۆڤ مینا قەتڵکەر دەجوڵنەوە( هەڵدەستێ) پاوول داوات لێدەکەم کە لەم کارە دەست هەڵگری.
**ئاندرە:** خانمی ولاسۆڤا- ئەم کارە پێویستە.
**پاوول:** ( بە ماشا) پێی بڵێ کە هەمووی لەبەر " سیدۆر" ە. پێی بڵێ کە بۆ ئەوەی کە ئەو بەردەن دەبێ هەواڵ نامەکان بڵاو بکەینەوە.
( کرێکارەکان دەچن بۆ لای دایک. پاوول هێشتا لە پشت مێزەکە دانیشتووە.)
**ماشا:** خانمی ولاسۆڤا- ئەم کارە بۆ براکەی منیش پێویستە.
**ئیوان:** ئەگینا " سیدۆر" دەبێ چاوەروانی سیبیری بێت
**ئاندرە:** بڕوانن**!** هەگە ئەمڕۆ هەواڵ نامە بڵاو نەکرێتەوە ئەوان تێدەگەن کە سیدۆر هەواڵ نامەی بڵاو کردەتەوە.
**ماشا:** هەڵبەت هەرگێز و ورێکیش تێدەگات. دوێنێ لە کارگا هەواڵ نامە بڵاو دەکرێتەوە و ئەمڕۆ کەسێک دەگرن و ئیتر هەواڵ نامە بڵاو ناکرێتەوە. روونە کەسێ کە هەواڵ نامەکانی بڵاو کردەتەوە هەر ئەو کەسەیە کە گیراوە.

**ئانتوان:** هەر بەم هۆیەش دەبێ ئەمڕۆ هەواڵ نامەکان بڵاو بکرێنەوە.
**دایک:** تێدەگەم، پێویستە. ڕاستە دەبێ بۆ ڕزگار بوونی ئەم لاوە لەو چۆنیەتیەی کە ئێوە بۆتان دابین کردووە مشورێ بخۆین. بەڵام ئەگەر پاوول بگرن چ بەڵایەک ئێرن بە سەریا؟
**ئانتوان:** زۆر جێگەی مەترسی نییە.
**دایک:** کە زۆر جێگەی مەترسی نییە. کەسێ هەڵە دەکات و دەگیرێت و بۆ ڕزگار بوونی دەبێ ئێلە و بێلە بکرێت. جێگەی مەترسی نییە. بەڵام پێویستە. هەر چەن شکیان پێ بردووین مە دەبێ هەواڵ نامەکان بڵاو بکەینەوە چون پێویستە. کە جێگەی مەترسی نییە. بەڵێ. ئەنجام پیاوێ دەچێتە پای دار. سەریشتان پچێتە سەر دار جێگەی مەترسی نییە. هەواڵ نامەکان بدەن بە من. من بڵاویان دەکەمەوە نەک پاوول.
**ئانتوان:** بەڵام چۆن دەتەوێ ئەم کارە بکەی؟
**ئیوان:** کەس نابێ بزانێ کە کێ چاپی کردوون.
**دایک:** پەرێشان مەبن. منیش دەتووانم بە باشی ئێوە ئەم کارە بکەم. هاوەڵەکەم مارییا کۆر سۆنووا نەهارانە لە کارگا خواردەمەنی دەفرۆشێت. ئەمڕۆ من لە باتی ئەو دەچم. خواردەمەنیەکان دەپێچمە ناو هەواڵ نامەکان ( دەڕوات تاکو کینەکەی هەڵگرێت)
**ماشا:** پاوول دایکت دەیەوێ هەواڵ نامەکان بڵاو کاتەوە. بە ڕای من زۆر بە جێیە.
**پاوول:** خۆتان چاتر دەزانن. تکا دەکەم کارێ مەکەن بەرانبەر بە دایکم ڕاوەستم و لە ڕوویا قسە بکەم.
**ئانتوان:** ئاندرە؟

**ئاندره**: به بڕوام دەتووانێ. کرێکارەکان ئەو دەناسن و پۆلیسیش شکی پێ نابات.
**ئانتوان**: ئیوان؟
**ئیوان**: به رای منیش له دەستی دێت.
**ئانتوان**: تازه ئەگەر پۆلیسیش بیگرێ زۆر کەمتر له ئێمەی ئازار دەدات. ئەو مانگر نییه و ئاشکرایه که ئەم کارانه له بەر کوڕەکەی دەکات. هاڤەڵ ولاسۆڤ: به له پێش چاو گرتنی چۆنایەتی ناباری سیدۆری هاوەڵمان بڕوامان وایه که پێشنیاری دایکت قەبووڵ بکەین.
**ئیوان**: ئێمه دەزانین که بۆ ئەو کەمتر جێگەی مەترسییه.
**پاوول**: من قسەیەکم نییه.
**دایک**: ( لەبەر خۆیەوه) دەزانم که یارمەتیەکەی من ئەنجامێکی باشی نابێ. بەڵام دەبێ پاوول رزگار بکەم.
**ئانتوان**: خانمی ولاسۆڤا! ئێمه ئەم بوخچەیه به تۆ دەسپێرین.
**ئاندره**: هەرگاوایه ئێوەش مینا مه به شەڕ دێن. وا نییه پلاگه ئا ولاسۆڤا؟!
دایک: شەڕ؟ من وەکو ئێوه هەرزەکار نیم. شەڕکەریش نیم. من هەگه بتووانم سێ کۆپێک کۆ کەمەوه دڵشادم. ئەم گێره و کێشەیش بۆ شان و باهۆی من نابێ.
**ئاندره**: خانمی ولاسۆڤا! دەزانن له ناو ئەم هەواڵ نامانەدا چی نووسراوه؟
**دایک**: نا، من سەواد و مەوادم نییه.

**تابلۆی سێهەم- حەوشی کارگای سوکلینۆڤ**

دایک، درگاوان،ئیوان،کرێکاران1 و2و3، کارپۆڤ، ئانتوان، پاوول،بەرپرس

(کاتی نیوەڕۆیە و دایک هەواڵ نامەکان لە کارگادا بڵاو دەکاتەوە)

**دایک:** ( بە زەمێڵەیەکی گەورەوە لەبەر درگای کارگا) پێوەندی هەیە کە درگاوان چ ئینسانێک بێ. تەوازل و گێژ بێ یاخۆ ئازا و زرت و زینوو. هەوەڵ دەبێ ئیزنی چوونی لێوەرگرم. لە پاشانا خواردەمەنیەکان دەپێچمە ناو هەواڵ نامەکان. ئەگەر بیشم گرن دەتووانم زۆر سووک و سانا بڵێم: نازانم. بەڵکو کەسێ بە دزییەوە نابێتیە ناو زەمێڵەکەم، ئاخر خۆ من سەوادم نییە.( بە وردی سەیری درگاوان دەکات) بڕوانە چەند قەڵەوە. دەڵێن قەڵەو تەمبەڵە، بەڵکو وەها بێ. دەبێ تاقی بکەمەوە. وەکو دیارە لەو کەسانەیە کە هەر زگیان پڕ دەکەن و هەرگیز پاشەکەوتێکیان نییە. ( لەگەڵ رۆیشتن بۆ لای درگاکە بوخچەکەی لە پێش پای درگاوانەکە ئەدا بە عەرزا)

ببورە کاکە. بوخچەکەم درا بە عەرزا( درگاوان سەیری لایەکیتر دەکات) سەیر نییە؟ دەبوا زەمێڵەکەم دانایەتە عەرز تا وەکو دەستەکانم رزگار ببن و بۆ هیچ و پوچ نەبمە هۆی ئازاری ئێوە( روو لە بینەران) لەو مرۆڤە دەم دڕوانەیە. بەڵام هەگە زۆر لەسەر قسە بڕۆی ئامادەیە بۆ دەسکەوتی ئاسایشی خۆی هەرچی لە دەستی بێ درێغی نەکات( بەرەو لای درگاکە دەڕوات و توند و بە پەلە دەست دەکات بە قسە کردن) وا بزانم تەمایەری مارییا کورسۆنووا بوون. دوێنێ بوو یان پێر؟! جوان لە بیرم نییە، پێم وت هەر کارێ

پێت خۆشه بیکه به جەهەنم، بەڵام مەهێڵە لاقت تەڕ بێ. پێتان وایه به قسەی کردم؟ نا ، رۆیشت سێفەزەمینی بێرێ، دیسان پای تەڕ بوو. بۆ سبحیا رۆیی و بزنەکانی برد بۆ دەشت. ئەویش به لاقی تەڕەوە... ئەزانن چ رووی دا؟ هەڵبەت وەهایە. ئێوە راست دەفەرموون، نەخۆش کەوت. بەڵام له باتی ئەوەی که راکشێت و نەچێتەوە دەرۆ دیسانیش چووە دەرۆ. خۆ دەزانن چی لێهات، رۆیشتە بەر باران و ...

**درگاوان:** بێ ئیزننامە نابێ بچیتە ناوۆ.

**دایک:** منیش ئەمەم پێ ووت. بەڵام بایەخی نەبوو. پای تەڕ بوو زۆرم خۆش دەوێ. ئێمە وەک خوشک واین. بەڵام تا ئێستا کەللە رەقی وەهاتان دیتووە؟ ئێستایش دەڵێ من نەخۆشم. ولاسۆڤا گیان! تۆ له جیاتی من بڕۆ بۆ کارگا و خواردەمەنیەکان بفرۆشە. پێم ووت: مارییا تۆ زۆر بێ گوێی بەڵام بۆ وای؟ ووتی مەگەر حوشسەیە. ئەگەر ئەونەی لێ بڕێسی دەستێ کوتەکت لێدەدەم که عەرەب له گامێشی نەدابێ. ئینسانی وەها کەللەرەق و بێ مێشکتان دییوە؟

**درگاوان:** ( ئاخێک هەڵدەکێشێ و ئیزنی دەدات) باشە، باشە، لەسەری مەڕۆ. بێ بڕۆ ناۆ.

**دایک:** راست دەکەن من ئێجگار فرەوێژم. بووم به هۆی ئازاری ئێوەیش.

( نیوەڕۆیە. کرێکارەکان لەسەر قوتو و سیپ و شتی وا دانیشتوون و خەریکی نەهار خواردنن. دایک خواردەمەنیەکان دەفرۆشێت. ئیوان له پێچاننەوەی خواردەمەنیەکانا یارمەتی دەدات)

**دایک:** سێفەزەمینی، هێلکە، تووتن، تەماتە...

**ئیوان:** پێچیاوەتە باشترین کاغەزەوە.

**دایک**: سێفەزەمینی، هێلکە، تووتن، تەماتە...
**ئیوان**: کاغەزەکەی خۆڕاییە
**کرێکاری یەک**: ئێرەڵماسیت هەیە؟
**دایک**: فەرموو ئەمەیش سێفەزەمینی.
**ئیوان**: کاغەزەکەی فڕێ مەدە.
**دایک**: سێفەزەمینی، هێلکە، تووتن، تەماتە...
**کرێکاری دوو**: دەتووانی پێم بڵێی چی لەم کاغەزەدا نووسراوە؟ من سەوادم نییە
**کرێکاری سێ**: من چوزانم چی لە کاغەزەکەی تۆدا نووسراوە.
**کرێکاری دوو**: راستە، لێرەیش شتێک نووسراوە.
**کرێکاری یەک**: دەی؟!
**کرێکاری سێ**: راست دەکەن. تا بمانەوی بڵێین لەل ، گیراوین.
**دایک**: سێفەزەمینی، هێلکە، تووتن، تەماتە...
**کرێکاری سێ**: پۆلیس سەخت بە دوایانا دەگەڕێ بەڵام ئەوان ئێجگار زۆرزان و لێهاتوون و ئەم هەواڵ نامەیان تازە بڵاو کردەتەوە. هیچ شتێ ناتووانێ پێشیان پێ بگرێ و بە راستیش زۆربەی قسەکانیان بەجێیە.
**کرێکاری یەک**: من کە زۆرم خۆش گەرەکن.
**کارپۆڤ**: بڕوا بە هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لێرەن؟
( کرێکارانی جێ متمانە گشتیان لە سوچێکی حەوشی کارگا کۆ دەبنەوە. پاوول و ئانتوان لە بەینیانان)
**کارپۆڤ**: برایان- مە وت و وێژمان لەگەڵ کردن.
**ئانتوان**: باشە، چ دەسکەوتێکتان دەست کەوت؟
**کارپۆڤ**: برایان- بە دەستی بەتاڵ نەگەڕاینەتەوە.
**ئانتوان**: یەک کۆپێکتان وەرگرت؟

**کارپۆڤ**: دانیشتینو بۆ ئاغای " سوکلینۆڤ" مان حەسێب کرد و پێمان ووت کە ئەگەر یەک کوپێک لە هەر سەعات ئیشی هەشت سەد کرێکار کەم بکاتەوە دەکاتە ساڵی بیست و چوار هەزار رۆبل و ئەم گشتە راستەوخۆ دەچیتە گیرفانی ئاغای سوکلینۆڤ و هەر چۆنێ بێ ئەبێ بەر بەم کارە بگیرێت و ئەنجام نەچێتە گیرفانی ئاغای سوکلینۆڤەوە.

**ئانتوان**: سا مەسەلەی یەک کوپێکیش حەل کرا.

**کارپۆڤ**: هاڤەڵان ئێمە هەمیشە ووتومانە کە مەکینەکان لە باری سڵامەتیەوە بۆ کار نابن.

**پاوول**: دەی ئاخر پارەکەتان وەرگرتەوە؟

**کارپۆڤ**: زۆنگاوەکانی بەر دەرگای رۆژهەڵاتیی کارگا بە راستیی بەڵایەکی گەورەن.

**ئانتوان**: کەوا. دەیەوێ بە زۆنگاوەکان دایخەرجێنێ.

**کارپۆڤ**: لە بیرتان چووەتۆ کە هاوینانە مێشولە چۆن زۆرمان بۆ دێنێ. لە بیرتان چووەتۆ کە ساڵی چەن کەسمان تووشی یاو دەبن و چ مەترسیەک هەڕەشە لە منداڵەکانمان دەکات؟ برایان! ئێمە دەتوانین زۆنگاوەکان بەو بیست و چوار هەزار رۆبلە وشک بکەین، ئاغای سوکلینۆڤ بڕیاری داوە کە ئەم پارە بدات. جگە لەوەش دەیانەوێ کارگاکە گەورەتر بکەنەوە. هەگە وای لێ بکەن ئیدی کار ئێجگار فراوان دەبێ. خۆشتان چاک دەزانن کە کەڵکی کارگا یانی کەڵکی هەموومان. برایان! بەڵکو وەکو ئێمە دەمانەوێ کارەکان بە باشی رێک و پێک نەکات. شتهایەکمان لە ئاغای سوکلینۆڤ بیستووە کە دەبێ بە ئێوەیشی بڵێین. کارگای تورِ کە رەقیبی ئێمە بوو ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ کە دەبەسرێت. لە بەیانیەوە

حەوت سەد کەس لە براکانی ئێمە بەتاڵ دەبن. بەدبەختی کەمتریش خۆی خۆشبەختیە. هەر ئێستا ئێمە چاوەروانی یەکێ لە گەورەترین ناکۆکیەکانی مێژووی ئابووری وڵاتەکەمان دەکەین. ئەم مەترسییە ئەوەن نزیکە کە هەموو کەسێ دەبێ بزانێ...

**پاوول:** دەی بە رای ئێوە بورجوازی نەخۆشە و ئێوەیش دوکتور؟ ئێوە کەم بوونەوەی مزی رۆژانەتان لا پەسندە؟!

**کارپۆڤ:** رێگەیەکی باشترمان رەچاو نەکرد.

**ئانتوان:** هەرگاوایە بەلانی کەمەوە کۆتایی بە قسە و باس بێنین. مە پوولی وشک کردنی زۆنگاوەکان نادەین.

**کارپۆڤ:** بەڵام کۆتایی هێنان بە وت و وێژ باشی لێ هەڵناگرسێ.

**کرێکاری یەک:** تێناگەی کە ئەمە یانی مانگرتن؟

**پاوول:** مە بە برامان مزی خوراومان تەنیا بە مانگرتن دەست دەکەوێتەوە.

**ئانتوان:** گرینگ ئەمەیە کە ئاخۆ ئەبێ لە بیری مزی خۆدا بین یاخۆ لە بیری وشک کردنی زۆنگاوەکانی ئاغای سوکلینۆڤ؟ مانگرتن دەبێ ببێ. هەتا یەکی ئەیار حەوتەیاک دەرفەتە. لەم ماوەدا ئەبێ کرێکارەکانیتریش بۆ مانگرتن هان دەین.( پاوول و ئانتوان دەچنە دەرەوە)

**کارپۆڤ:** بە بڕواتان درێژە بە وت و وێژ بدەین؟

**کرێکاری دوو:** کارپۆڤ، لەگەڵ ئەو گشتە چاو دێریەی پۆلیسا ئێستایش گشت کرێکارانی کارگا هەواڵ نامە دەخوێننەوە. ئەم جۆرە کەسانە وەک ئاوی ژێرکا دەچن. بەداخەوە دەست تەنیا ماوین و ئیتر

هیچکەسێ بایەخ بە وشک بوونی زۆنگاوەکان نادات. هاواری پوڵ بۆ زۆنگاو قورگمان دەگرێت و قوور دەکا بە سەرمانا.( دەنگی سووت. هەموو دەگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان)
**کارپۆڤ:** ( تەنیا ) باشە. هەرگاوایە، مان گرتن.
**درگاوان:** ( هەواڵ نامەیەک لەسەر عەرز دەبینێتەوە) ئەمە چییە؟ دیسان هەواڵ نامەی ئاژاوە گێڕەکان( تەلەفون دەکات) ئەلۆ. پۆلیسی کارگا...
**دایک:** ( دێتە بەرۆ) سێفەزەمینی. هێلکە. تووتن. تەماتە...
**کارپۆڤ:** سێفەزەمینی( دایک سێفەزەمینی بە کارپۆڤ دەفرۆشێ. دادەنیشێ و پووڵەکانی دەژمێرێ)
**دایک:** ( لەبەرخۆیەوە) کەم بوونەوەی مز ئێجگار خراپە. زوڵمێکی گەورەیە. بەتایبەت بەرانبەر بە من. چون ئەگەر دیسان مزەکان کەم کەنەوە پاوول چ دەکات؟ ئەو ئێستایش نارازیە
**کارپۆڤ:** ( لێی نزیک دەبێتەوە) چۆن ئەم ئێعلامیانە تۆ بڵاویان دەکەیتەوە؟ دەزانی ئەم کاغەزە بچکۆڵە یانی مان گرتنی کرێکاران؟
**دایک:** مان گرتن!؟ جا بۆچی؟
**کارپۆڤ:** لە ناو ئەم ئێعلامیانەدا لە کرێکارانی سوکلینۆڤ داوا کراوە مان بگرن.
**دایک:** من نازانم.
**کارپۆڤ:** ئەی بۆ بڵاویان دەکەیتەوە؟
**دایک:** ئەی ئەوان بۆچی ئێمە دەگرن؟
**کارپۆڤ:** یانی نازانی چی لەم کاغەزانەدا نووسراوە
**دایک:** نا. من بێ سەوادم.

**کارپۆڤ:** ئێ.... ئەوان بەم شێوەیە ئێمە هان دەدەن. مانگرتن شتێکی نەگریسە. سبحا ئەوان کار ناکەن، سبحەینێ شەو چ روو دەدا؟ حەوتەیەکیتر چی دەقۆمێ؟ مانگرتن و کارنەکردنی ئێمە بۆ کارگا و خاوەنەکەی گرینگ نییە. بەڵام بۆ ئێمە هەر ئێجگار گرینگە.

(بەرپرسی هێمنایەتی کارگا بە هەڵەداوان دەگات)

**بەرپرس:** چ قەوماوە؟

( درگاوان ئێعلامیەکانی پێ نیشان دەدات)

**درگاوان:** خۆم دوودانەم هەر ئێستا لە عەرز هەڵگرتەوە. ئەمیشە دانەیەکیتر

**بەرپرس:** ( بە کارپۆڤ) چی دەخوێنیتەوە؟(دەیگرێت) ئەم نووسراوەت لە کوێ هێناوە؟

**دایک:** ئەم کابرایە بێ تاوانە. من دڵنیام کە ئەم ئەو ئێعلامیانەی بڵاو نەکردەتەوە.

**کارپۆڤ:** لێم گەڕێ... لێم گەڕێ با بڕۆم.

**بەرپرس:** ( لێی دەدات) بگرە ئەمەیش بۆ خۆت و ئێعلامیەکانت.

**دایک:** بەڵام ئەم کابرایە تەنیا نەختێ سێفەزەمینی کڕی و ئیتر هیچ.

**تابلۆی چوارەم – ژووری پلاگە ئا ولاسۆڤا.**
دایک، ئانتوان ،ئاندرە، ئیوان،پاوول
( دایک لە بۆ ئەنجامی بڵاو بوونەوەی هەواڵ نامەکان ، هاوەڵان سەرزەنشت دەکات. ئەو هەوەڵین وانەی پارت فێر دەبێ)
**دایک:** پاوول، من ئەمڕۆ هەر وەها کە وتبووتان گشت هەواڵنامەکانم بڵاو کردەوە و بەشێوەیەکیش ئەم کارەم کرد کە لە گرتنی ئەو لاوە پاشگەز ببنەوە. بەڵام کاتێ کە دوا هەواڵنامەکانم بڵاو دەکردەوە و بە چاوی خۆم دیتم کە سێ کەسیتریان گرت. تەنیا تاوانی ئەوان ئەوە بوو کە هەواڵنامەکانیان دەخوێندەوە. منتان تووشی چی کرد و چ کارێکتان پێکردم!
**ئانتوان:** خانمی ولاسۆڤا سپاستان دەکەین کە وەها شارەزایانە هەواڵ نامەکانتان بڵاو کردەوە.
**دایک:** بە بڕواتان شارەزایانە بوو؟ ئەی کارپۆڤ چی بەسەردێ؟ ئەو بە هۆی شارەزایەتی منەوە ئێستا لە بەندیخانەیە.
**ئاندرە:** ئێوە نەبوونە هۆی گرتنی کارپۆڤ. خۆ ئێوە ئەوتان نەگرتووە. پۆلیس ئەوی گرتووە.
**ئیوان:** ئێوە بەگوێرەی توانی خۆتان کرێکارانی سوکلینۆڤتان لە دەوری یەک کۆ کردەوە. پێبزانم ئێوەیش دەزانن کە رای زۆربەی کرێکاران لەسەر ئەوەیەکە مان بگرن.
**دایک:** من نەم دەویست ببمە مایەی مانگرتن. من تەنیا نیازم وابوو یارمەتی مرۆڤێک بدەم کەچی یارمەتیەکەم بوو بە هۆی گرتنی سێ کەسیتر. بۆچی سیدۆر؟ بۆ سیانیتر؟ بۆچی ئەوانیان گرت؟ تەنیا لەبەر ئەوەی

هەواڵنامەیان دەخوێندەوە. ئێوە بۆ چ مان دەگرن؟ چی لەو بڵاوکراوانەدا نووسراوە؟
**ئانتوان:** بڵاو کردنەوەیە یان کارێکی بەرێ و جێ بوو بە ئەنجامێکی باشەوە.
**دایک:** چی لە ناو بڵاوکراوەکاندا نووسراوە؟
**پاوول:** پێت وایە چی نووسراوە؟
دایک: شتێکی دژ بە یاسا.
**ئانتوان:** خانمی ولاسۆڤا! وەها دیارە کە دەبێ زیاتر بۆتان شی بکەینەوە.
**پاوول:** دایە دانیشە . دەمانەوێ بۆت شی بکەینەوە.
( کەتەکان دێننە پێش و لە دەوری دایک دادەنیشن)
**ئیوان:** بڕوانن، بڵاوکراوەکان دەڵێن کاتێ کە ئاغای سوکلینۆڤ بە حەزی خۆی مزەکان کەم دەکاتەوە کرێکاران نابێ تەسلیم ببێ
**دایک:** قسەی قۆڕ دەکەن. بۆ ئەبێ وابزانن کە ئاغای سوکلینۆڤ ناتووانێ مزەکان بە مەیل و خوازتی خۆ کەم بکاتەوە؟ مەگەر کارگا هینی ئەو نییە؟
**پاوول:** هەڵبەت هینی ئەوە.
**دایک:** دەی باشە . ئەی دەڵێن چی؟ بڕوانن. بۆ وێنە، ئەم مێزە هینی منە دەی بۆ دەبێ من نەتووانم هەرچیە پێم خۆشە لیبکەم؟
**ئاندرە:** هەڵبەت خانمی ولاسۆڤا ئێوە دەتووانن هەر کارێ پێتان خۆشە بە مێزەی بکەن.
**دایک:** دەی هەگە من پێم خۆش بێ ناتووانم بیشکێنم و ئاگری پێ بکەمەوە؟
**ئانتوان:** بۆ ناتوانن؟ ئێوە دەتووانن بیشکێنن و بیسوتێنن.

**دایک**: دەی باشە، هەرگاوایە ئەی ئاغای سوکلینۆڤ بۆ ناتوانێ هەر کارێ ویستی لە کارگاکەی بکات. کارگا هینی ئەوە. هەر وەک ئەم مێزە کە هینی منە. وەها نییە؟

**پاوول**: نا.

**دایک**: بۆچی نا؟

**ئیوان**: بۆ ئەوەی کە کارگاکەی ئەو نیازی بە کرێکارە.

**دایک**: بەڵام، ئەگەر هاتو ووتی کە ئیتر نیازم بە ئێوە نییە چی؟

**پاوول**: گوێ راگرە دایە. تۆ دەبێ ئەمە چاک بزانی . ئەو هەندێ جار نیازی بە ئێمە هەیە و هەندێ جاریش نیازی پێمان نییە.

**ئانتوان**: وەهایە.

**پاوول**: کاتێ نیازی پێمان هەیە دەبێ ببین و کاتێ نیازیشی پێمان نییە هەر هەین. یانی دەبێ ببین. ئەگینا چی بکەین؟ بڕۆین بۆ کوێ؟ ئەویش ئەمە دەزانێت. ئەو هەمیشە نیازی بە مە نییە، بەڵام مە هەمیشە نیازمان بەو هەیە. ئەویش ئەمە دەزانێ و لەم نیازەی مە کەڵک وەردەگرێ. هەڵبەت مەکینەکان هینی ئەوە. بەڵام دەزگای کاری ئێمەیشن. ئێمە خۆ مەکینەمان نییە. کارگای پارچە چنین و تراشکاری و شتیترمان نییە. هەر بەم بۆنەشەوەیە کە بە مەکینەکانی ئەو کار دەکەین. کارگا تەنیا هی ئەوە. بەڵام کاتێ کارگا ئەبەسێت لە راستەقینەدا دەزگاکان لە ئێمە داگیر دەکات.

**دایک**: دەی ئاخر دەزگاکانی ئێوە هینی ئەوە. وەک ئەم مێزە کە هینی منە.

**ئانتوان:** بەڵێ، بەڵام بە رای ئێوە ئەمە دروستە کە دەزگاکانی مە هینی ئەو بێ.
**دایک:** نە. بە رای من دروست نییە.بەڵام رای من هەر چۆنێ بێ ئەوەی راست بێ ئەوەیە کە ئەو مەکینانە هی ئەوە. بەڵکو کەسێ ببێ کە بە رای ئەو دروست نەبێ ئەم مێزە هی من بێ.
**پاوول:** ئازیزەکەم گوێ راگرە. دەبێ بڵێم کە خاوەنی مێز بوون تا خاوەنی کارگا بوون ئێجگار تەوفیریان هەیە. مێز و کەوچک و کەوش و ئەم شتانە دەشێ هی تۆ بن و کەسیش ئازار نادەن. بۆ وێنە بەڵکو تۆ بتەوێ ئەوانە لێرە دابنێی یان لەوێ. هیچ تەوفیرێکی بۆ من نییە. بەڵام کاتێ کارگایەک هینی تۆ بێ دەتووانی سەدان کەس وەک من ئازار بدەی. ئەو کات تۆ خاوەنی مەکینەکاری کەسانێکی تری و دەتووانی بەم بوونەوە ئەوان بچەوسێنیتەوە.
**دایک:** دەی راستە. هەڵبەت دەتووانێ ئێمە بچەوسێنێتەوە. پێت وایە تێ ناگەم و لەم سی ساڵەدا بەمەم نەزانیوە؟ بەڵام ئەوەی کە نازانم ئەوەیە کە ئاخۆ کەسێ هەیە کە بتووانێ چارەسەری ئەم ئازارە بکات؟
**ئانتوان:** پلاگە ئا ولاسۆڤا، بگەڕێینەووە بۆ لای چت و مەکی تایبەتیی ئاغای سوکلینۆڤ. بێرەگەیشتین کە کارگاکەی ئەو لەگەڵ مێزدا بۆ وێنە تەوفیری هەیە. ئەو دەتووانێ لە چت و مەکی تایبەتی خۆی بۆ چەوساننەوەی مە کەڵک وەرگرێت.
**ئیوان:** چتە تایبەتیەکانی ئەو تایبەتیەکی سەر سووڕ هێنەری تریشیان هەیە. یانی تا بۆ چەوساننەوەی ئێمە کەڵکیان لێوەر نەگیرێت کەڵکیان بۆی نابێت. کارگا تا کاتێ بایەخی بۆ ئەو هەیە کە دەزگای کاری ئێمە

بێت. هەرکە کارگا دەزگای کاری ئێمە نەبێ ئەوسا تەنیا کێوێ ئاسنی رەق و تەقە و ئیتر بەس. کە وایە ئەو بە گشت مەکینەکانیەوە نیازی بە ئێمە هەیە.
**دایک:** باشە؛ باشە. بەڵام پێتان وایە چۆن دەبێ ئەمەی پێ بسەلمێنن کە نیازی بە ئێوە هەیە؟
**ئاندرە:** وای دابنێ کە ئەم کەسە یانی پاوول ولاسۆڤ دەچێتە کن ئاغای سوکلینۆڤ و دەڵێ ئاغای سوکلینۆڤ بەبێ بوونی من کارگای ئێوە جگە لە کێوێ ئاسنی رەق و تەو زیاتر هیچ نییە، لەم روانگەوە ئێوە مافی ئەوەتان نییە بە پێی خوازتی خۆتان مزی من کەمۆ بکەن. دەی دیارە کە ئاغای سوکلینۆڤ پێی پێدەکەنێ و رای دەدا . بەڵام ئەگەر گشت ولاسۆڤەکان ، یانی هەشت سەد ولاسۆڤ راچڵەکن و تێکڕا ئەمە بە ئاغای سوکلینۆڤ بڵێن ئەوسا ئیتر ئاغای سوکلینۆڤ گۆ ناکات تا پێبکەنێت.
**دایک:** یانی مانگرتنی ئێوە ئەم مانای هەیە.
**پاوول:** بەڵێ مانگرتنی ئێمە بەم مانایە.
**دایک:** لە ناو بڵاوکراوەکانیشا ئەمەتان نووسیبوو؟
**پاوول:** بەڵێ لەناو بڵاوکراوەکانیشا ئەمەمان نووسیبوو.
**دایک:** مانگرتن بەم لەونە خراپە. من ئیتر چۆن چێشت لێنێم؟ کرێ خانوو لە کوێ بێنم؟ سبەینێ تۆ ناچیتەوە بۆ ئیش. سبەینێ شەو چ بکەین؟ هەر وەها حەوتەی داهاتوو؟ باشە! ئەمانە بە جێی خۆی بەڵام ئەگەر تەنیا هۆی مانگرتن ئەمە بێت ئەی بۆچی پۆلیس خەڵک دەگرێ. ئەم کارە چ پێوەندییەکی بە پۆلیسەوە هەیە؟

**پاوول:** دایە گیان مەیش ئەم پرسیارەمان هەیە و لە تۆی دەپرسین. بە پۆلیس چی؟

**دایک:** ئەگەر ئێمە بەرانبەر بە ئاغای سوکلینۆڤ هەستین و مان بگرین پێوەندی بە پۆلیسەوە نییە، وا نییە. وێ دەچێ هەڵەیەکتان کردبێ. بێت و نەبێ هەڵەیەکتان کردووە. خەڵک لایان وایە ئێوە لە دووی شەڕ دەگەڕێن ئێوە دەبێ خەڵک تێبگەیەنن کە دژایەتی ئێوە بەرانبەر بە خاوەن کارگا تەنیا لە بۆ دەستکەوتی مافی رەوای خۆتانە و بەم شێوە ئێوە دەتوانن خەڵک بکەنە پشت و پشتیوانی خۆتان.

**ئیوان:** خانمی ولاسۆڤا ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئێمەیش دەمانەوێ بیکەین. رۆژی یەکی ئەیار کە رۆژی بەربەرەکانێی کرێکارانی گشت وڵاتەکانە ، لە هەموو کارگاکانی « تڤەر» Tver کرێکاران رێ دەکەون و خۆپیشاندانێک لە بۆ رزگاری چینی کرێکار رێک دەخەن. ئێمە وامان نیازە کە بە دروشمەکانی ئەم خۆپیشاندانە لە بۆ گەشەی بەربەرەکانێی خۆمان داوای یارمەتی لە گشت کرێکارانی تور بکەین.

**دایک:** ئەگەر بێ قڕە دروشمەکانتان هەڵدەن هیچکەس لێتان زویر نابێ.

**ئاندرە:** پێ بزانین ئەمە بیر و رای ئاغای سوکلینۆڤ نییە.

**دایک:** ئەبێ ببێ.

**ئاندرە:** وێ دەچێ هێمنایەتیش پێش بۆ خۆپیشاندان بگرێت.

**دایک:** هێمنایەتی و ئاغای سوکلینۆڤ چ پێوندیەکیان پێکەوە هەیە؟ هەڵبەت هێمنایەتی لە ئێوە تووانانترە، بەڵام هێمنایەتی لە ئاغای سوکلینۆڤیش تووانانترە.

**پاوول**: دایە، یانی بە بیرورای تۆ هێمنایەتی کاری بە خۆپیشاندانی هێمنانەی ئێمە نابێ؟

**دایک**: بەڵێ. من پێم وایە. چون ئەم خۆپیشاندانە هێمنانەیە. پاوول ئێمە هیچ چەشنە قڕە و هەرایەکمان پێ دروست نییە. تۆ چاک دەزانی کە من ئیمانم بە خوا هەیە و پێم وایە کە بە بێ ویستی ئەو هیچ کارێ سەرناگرێ و لەشەڕ و قڕە بێزارم. هەڵبەت راستە کە چل ساڵە جگە لە شەڕ و قڕە هیچم نەدیتووە. بەڵام هیچ کاتێ نەمتوانیوە تەنانەت دژ بەم شەڕ و قڕەیە بە شەڕ بێم. هەر چۆنێ بێ هیوادارم کە تا سەرە مەرگم لە هیچ شەڕ و قڕەیەکدا بەشدار نەبم.

**تابلۆی پێنجەم – شەقامێک**

پاوول،ئیوان،ئاندرە،دایک ماشا، ئیسمیگلین

( رۆژی یەکی ئەیار. کرێکارانی تور بە نیازی بەربەرەکانێ لەگەڵ کەم بوونەوەی فری رۆژانەیان خۆپێشاندانێکیان رێک خستووە.)

پاوول: مە کریکارانی سوکلینۆڤ دەمانویست لە بازارەوە تێپەڕین کە بە کوڕێ کرێکاریتر لە کارگاکانیتر گەیشتین. ژماردەمان تا ئەو ساتە هەزاران کەس بوو. لەسەر پارچە نووسیبومان : کرێکاران**!** لەبەربەرەکانێی ئێمەدا دژ بە کەم بوونەوەی مز هاوبەش بن.

**ئیوان:** مە زۆر رێک و پێک و بێ قرە لە شەقامەکان تێدەپەڕین و سروودی « هەستن ئەی دیلانی برسیەتی ، ئەی هاوەڵان ، شەپپورەکان هاتوونەتە هەرا » مان دەخوێند. کرێکارانی کارگای مە لە ژێر ئاڵای گەورەدا کۆ ببوونەوە.

**ئاندرە:** پلاگە ئا ولاسۆڤا لای منەوە لە پشت سەری کوڕەکەیەوە بوو. کاتێ کازێوە هاتین بە دوای پاوولدا، کتوپڕ پلاگە پۆشتە و ئامادە هاتە دەر. کاتێ پرسیارمان لێ کرد بۆ کوێ دەچی ووتی:

**دایک:** منیش لەگەڵتانا دێم.

**ئانتوان:** زۆر کەسی وەک ئەومان لەگەڵا بوو چون سەرمای زستان و کەم بوونی مز و دەرد و ئازار زۆر کەسی هان دابوو کە هاوبەشی خۆپیشاندانەکەمان بکات. پێش لەوەی بە بولواری« ناجیما» بگەین یەک دوو پۆلیسمان دیت بەڵام چاومان بە سەرباز نەکەوت. کەچی هەر کە گەییشتینە بەین بولوار و « تورسکایا» دیتمان کە دوو ریز بەرپرسی هێمنایەتی

راوەستا بوون. ئەوان ئاڵاکان و دروشمەکانی ئێمەیان دی و کتوپڕ دەنگێ نەڕاندی: « ئاگاداری! مەبزوون. بڵاوە کەن ئەگینا هەمووتان دەکوژین. ئەو ئاڵایانە فڕێ دەن! » پۆلی مە راوەستا.

**پاوول:** بەڵام ئەوانەی کە لە دواوە دەهاتن ئاگایان لەم رووداوە نەبوو، هەر دەهاتن و پاڵیان لەوانەی پێشەوە دەنا، ئەوانەی پێشەوە خۆیان پێ نەگیرا و دەستدرێژیان لێ کردین. ئەوانەی پێشەوە دەیانویست بگەڕێنەوە و شێویان بەیەکدا. زۆر کەس نەیان دەتووانی بڕوا بە چاوی خۆ بکەن و رووداوەکە ببینن. لەم کاتەدا بەرپرسەکان بەرەو خەڵکەکە هێرشیان هێنا.

**دایک:** من لەبەر دڵی کرێکارەکان چوبووم بۆ خۆپیشاندان، مانگرەکان کەسانێکی هێمن و لەسەرەخۆ بوون کە سەرانسەری ژیانیان بەکار کردن تێپەڕ کردبوو. لەناو ئەواندا کەسانێکی نائومێد و بەتاڵ و برسی و بێدەسەڵاتیش هەبوو.

**ئاندرە:** ئێمە چون لە ریزی پێشەوە بووین کاتی دەسرێژ بڵاوەمان نەکرد.

**پاوول:** ئاڵا کە هێشتا بە دەستمانەوە بوو. ئیسمیلگین هەڵی گرتبوو. ئێمە خەیاڵمان نەبوو ئاڵاکە لە دەست بدەین چون وەها دیار بوو هەرچەند کە ئێمە نەمان دەزانی بۆچی؟ بەرپرسەکان بەراگرتن و لێدانی مە و داگیر کردنی ئاڵاکەمان ئێجگار بایەخیان دەدا. بەڵام ئێمە چارەسەر کردنی ئازاری کرێکاران کامەیە!

**ئاندرە:** دوژمنەکانمان وەک گورگی برسییان لێ هاتبوو. وەهایش نەبێ نابێ. وەهان بۆیە سوکلینۆڤەکان بەخێویان دەکەن.

**ماشا:** هەموو دەیانزانی ئەنجام دەبێ بەچی بەڵام ئاڵا . ئاڵاکەی ئێمە دەبوو بەرز و شەکاوە بێت تا هەمووان بیانبینیایێ.
**ئیوان:** ئەوانەی کە لەوێ نەبوون تا بیبینن ئەنجام دەیبیسن. ئەمڕۆ نە، سبحەینێ ، دوو سبەی ، وەرزەکان و ساڵەکانی داهاتوو، کاتێ کە ئەم روو داوە دوو پات دەبێتەوە. ئێمە دەمانزانی و زۆر کەسیش بڕوایان وەها بوو کە لەمە بە دوا ئەم رووداوە روودەداتەوە و دیسانیش روودەداتەوە تا کاتێ کە هەموو شتێ بگۆڕدرێ. ئاڵای مە گەورەترین هەوینی ترس و مەترسی چەوسێنەران و دەست و پێ چەرمووەکانە و بەریشی ناگیریێت.
**ئیوان:** ئاڵایەکی شەکاوە بۆ کرێکاران!...
**گشتیان:** کە وایە دەبینی
دیسان و دیسانیش
لە هەر کوێ بژیت
زویر یا خۆ دڵشاد
ئەم خەباتە درێژەی دەبێ
هەرگیز کۆتایی پێ نایە
بەردەوام تا سەرکەوتی مە
لە گشت شارەکانی جیهان
شارەکانی کرێکاران
**دایک:** بەڵام لەو رۆژە تایبەتەدا ئیسمیلگینی کرێکار ئاڵاکەی هەڵگرتبوو.
**ئیسمیلگین:** پانزدە ساڵە لەم بەربەرەکانێهدا بەشدارم من یەکێ لەو کرێکارانەم کە زۆر زوو گوێڕایەڵی وەرامی بزوتنەوە بووم. مە بۆ بەرگری لەکەم بوونەوەی مز و باشتر بوونی چۆنیەتی ئیشمان

بەربەرەکانیمان کردووە من زۆر جار سەبارەت بەم باسە لەگەڵ خاوەن کارگاکانا راوێژم کردووە لە هەوەڵەوە لام گران بوو بەڵام دەبێ ددان بەوەدا بنێم کە پاش ماوەیەک لام ساناتر بوو. پێم وابوو هەگە بمانەوێ پەرە بە تووان و هێزی خۆ بدەین دەبێ ئەم راوێژانە درێژە بدەین. ئەمە هەڵە بوو، من ئێستا لێرەم و هەزاران کەس لە پشت سەرم راوەستاون و بەرانبەرمان دیسان لەشکەری دەسەڵاتدار راوەستاوە. ئاخۆ ئاڵاکەمان لە دەست دەدەین؟

**ئانتوان:** نا. ئیسمیلگین نابێ لەدەستی بدەی، ئێمە وتمان ناکرێ لەگەڵیان راوێژ بکەین و دایە ووتی:

**دایک:** نابێ لەدەستی بدەی. هیچ روو نادا هێمنایەتی کاری بەسەر خۆپیساندانی هیمنانەوە نییە.

**ماشا:** هەر لەم کاتەدا سەرۆک پۆلیسێ نەڕاندی و پێمانی ووت: « ئاڵاکە فڕێ دەن»

**ئیوان:** ئیسمیلگین سەری وەر چەرخان وتمشای دوایەوە کرد. لە پشت ئاڵاکەوە دروشمەکان و داخوازیەکانی مەی چاو پێکەوت. لە پشت دروشمەکانا مانگرەکانی کارگای سوکلینۆڤ راوەستا بوون. ئێمە ئەمانویست بزانین کە ئەم کابرایە کە لەگەڵ مە ە یەکێ وەکو مە بوو ئاڵاکە چی لێدەکات.

**پاوول:** پانزدە ساڵ کۆشش بۆ بزوتنەوە. کرێکار. شۆڕشگێڕ. یەکی ئەیاری 1905 کاژێر یازدەی بەیانی. پاڵ بلواری ناجیما. کاتی هەڵبژاردن. ووتی:

**ئیسمیلگین:** من لە دەستی نادەم. مە راوێژ ناکەین.

**ئاندرە:** ووتمان زۆر بەجێیە ئیسمیلگین! رێگا هەر ئەمەیە. ئێستا ئیتر گشت شتێ دروست دەبێ.

**ئیوان**: ووتی بەڵێ و بەدەمەوە درا بە عەرزا، پێکا بوویان.
ئاندرە: چوار پینج بەرپرس هەڵاتن بۆ لای تاوەکو ئاڵاکە هەڵگرن. ئاڵاکە لە لایەوە درا بوو بە عەرزا. لەو کاتەدا پلاگە ئا ولا سۆڤای خۆمان، ولاسۆڤای هێمن و لەسەرخۆ ، ولاسۆڤای هاوەڵمان داتەویەوە و خۆی بە ئاڵاکە گەیاند.
دایک: ووتم ئیسمیلگین ئیزن بدە ئاڵاکە هەڵگرم. ئاڵاکە بدە بە من. من ئاڵاکە هەڵدەگرم. گشت شتێ ئەبێ بگۆڕدرێ.

**تابلۆی شەشەم – ماڵی وسۆفچیکۆڤی مامۆستا**

ئیوان ، مامۆستا، ژن ، دایک ، شویستاکۆویچ ، کرێکار

( پاش گرتنی پاوول لە لایەن حکوو،ەتەوە، ئیوان دایک دەباتە لای نیکۆلای برای کە مامۆستایە)

**ئیوان:** نیکۆلای ئیوانۆویچ. من پلاهە ئا ولاسۆڤا- دایکی هاوەڵەکەم هێناوە بۆ لای تۆ. پاوولی کوڕی لە خۆ پێشاندانی یەکی ئەیارا گیرا بەمیشیان ووتووە کە دەبێ ماڵەکەی چۆڵ کات. مە بڕیارمان بە کوڕەکەی داوە کە ئاگاداری دایکی ببین. ئەوان شکیان نەخستووەتە تۆ و ماڵی تۆ. هیچکەس ناتووانێ گومانی ئەوە ببات کە تۆ پێوەندییەکەت لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانەدا ببێت.

**مامۆستا:** هەڵبەت کەس گومانی وەها ناکات. راستەقینەیش هەر ئەمەیە. هەگە منیش دەکەوتمە شوێن خەیاڵ پڵاوی ئێوە ئەوا لە مامۆستایەتی لایان دەبردم.

**ئیوان:** هەرچۆنێ بێ هیوادارم کە باش ئاگاداری لە خانمی ولاسۆڤا بکەیت. ئەو جێگەیەکیتر شک نابات. بەم لەونە پیاوەتیەکی باشت سەبارەت بەم براتە دەکەی.

**مامۆستا:** دەلیلی نییە کە من سەبارەت بە تۆ پیاوەتیەک بکەم. من دژی کارەکانی تۆم تەواوی هەوڵ و تەقەلای تۆ گەوجایەتیە، کەریەتیە. من هەمیشە ئەمەم بە تۆ سەلماندووە. بەڵام خانمی ولاسۆڤا ئەمە چتێکە کە پێوەندی بە تۆوە نییە. چۆنایەتی تۆ ئاشکرایە، جیالەمانە من نیازم بە کەسێ بوو کە ئێرەم بۆ کۆ بکاتەوە. هەر وەها کە دەیبینن ئێرە ئێجگار شپرزەیە.

**ئیوان:** هەڵبەت لە باتی کارێ کە بۆت دەکات دەبێ شتێکی بۆ ببڕیتەوە. چون ئەبێ زوو زوو شت بنێرێ بۆ کوڕەکەی.
**مامۆستا:** بەڵام خۆت چاک دەزانی کە ناتوانم شتێکی زۆری بۆ ببڕمەوە.
**ئیوان:** ( بە دایک) هەر بە قەدەر ئەم مێزە لە رووداوە رامیاریەکان تێدەگات. بەڵام مرۆڤێکی بێ بەزەیی نییە.
**مامۆستا:** تۆ ئێجگار نەفامی ئیوان. فەرموو خانمی ولاسۆڤا. وەها دیارە کە جلەکانیشتان لەگەڵ خۆ هێناوە.
( دایک خەریکی رێک و پێک کردنی شتەکانی دەبێ)
**ئیوان:** نیکۆلای ئیوانۆویش زۆر سپاست دەکەم. تکا دەکەم باش هۆشت بەم ژنەوە بێت. ئەو ئیتر کاری بە رووداوە رامیاریەکان نییە، بێ ویستی خۆی کێشیایە خۆپیشاندانی یەکی ئەیار. دەبێ پشوو بدات، پەرۆشی کوڕەکەیەتی، بەرانبەر بەو بەرپرسی.
**مامۆستا:** دڵنیا بە. من تووشی رووداوی رامیاری ناکەم. ئەمە کاری کەسانێکی وەکو تۆیە.
( وسۆفچیکۆڤی مامۆستا ، بە کارەکانی دایک دەزانێت)
( کرێکارەکان بە دەور دایکەوە دانیشتوون)
**ژن:** ئەوان پێمان دەڵێن کە ئەمە یانی جەنایەت.
**دایک:** دەی وا نییە. ئەمە بۆ ئێمە باشە، بۆ ئەوان وەها دژایەتی لەگەڵ دەکەن؟
( دەخوێنێ) روونە و گشت کەسێ، دەتووانێ تێی بگا
هەگە چەوسینەر نەبی، دەتووانی
تێی بگەیت و بیری لێ بکەیتەوە
تێی فکری و رخنەی لێ گری و شی کەیتەوە.

گەوج و نەزانەکان بە نەزانینی دەزانن
مرۆڤە گەندەڵەکان بە رزیوی دەفامن
بەڵام لەگەڵ گشت نەزانی و نەفامینیکا بە شەڕ دێت
لەشا دەماری مرۆڤا، لەگەڵ هیوادا تێکەڵ دەبێت

چەوسینەر ناوی تاوانی لێ دەنێ
شێت بە شێتیەتی دەزانێ
بەڵام مە باش دەزانین
تێ دەگەین و دەفامین

ئاژاوە نییە و ئاسایشە
کۆتایی شەڕ و پێکهاتی ئێشە
هاسانە بەڵام ، گران دەست دەکەوێ
بۆ پێگەیشتی ئێجگار قوربانیی دەوێ

**ژن:** ئەگەر وایە ئەی بۆ هەموو کرێکارەکان تێی ناگەن؟

**شوستاکوویچ:** چون نازانن کە دەچەوسێنەوە و ئەمەیش جەنایەتێکە کە دەکرێ کۆتایی پێ بێت.

**مامۆستا:** من هیلاک و ماندوو لە مەیخانە دەگەڕێمەوە، دەنگی سرتە سرتی « ساکار» ە گەمژە لە مێشکما دەنگ دەداتەوە. ئەو هەمیشە بە پێچەوانەی من قسە دەکات هەرچەند کە هەمیشەش قسەی من دروستە ئێستا لە چوار چێوەی ماڵی خۆمدا هەست بە ئاسایشت دەکەم. پێم وایە نیازنم بە پاشۆردن و رۆژنامە خوێندنەوە هەیە.

**دایک:** ( دێتە ژوورەوە) نیکۆلای ئیوانۆویچ زۆر زوو گەڕایتەوە.

**مامۆستا:** بەڵێ، دەکرێ تاسێ ئاوی گەرمم بۆ ئامادە بکەی؟ دەمەوێ لاقم بشۆم.
**دایک:** زۆرم پێخۆشبو کە گەڕایتەوە، نیکۆلای ئیوانۆویچ! زۆر خۆشحالم، بەڵام ئێستا دەبێ بڕۆیتەوە چون ژنەکەی هاوسێمان ئێستا پێی ووتم کە هاوەڵەکەتان «ساکار ئێسمێر دیاکۆڤ » کاژێرێک لەوە پێش هاتبوو بە دواتانا و دەیویست هەرچی زووتر بتانبینێت. ئەبێ هەر ئێستا بڕۆن و بیدۆزنەوە، هەرچی زووتر باشتر، دەبێ بیدۆزنەوە نەکا کارێکی گرینگی پێتان بێت. دەبڕۆ دەی.
**مامۆستا:** پلاگە ئا ولاسۆڤا من ئەم دوانیوەڕۆیە لەگەڵ دیاکۆڤا بووم و هەر ئێستا لەیەک جوێ بوینەوە.
**دایک:** ئا... بەڵام ئێرە ئێجگار شپرزەیە ، جلەکانیشتم شۆردە و لەو دیوەیتر هەڵم واسیون.
(دەنگی سرتە سرتی وت و وێژی چەن کەسێک دێت)
**مامۆستا:** لەکەیەوە جلەکانی من کاتی وشکەوە بوون قسان دەکەن؟( ئیشارەت بە سەماوەرەکە دەکات) لەکەیەوە جلەکانی من چایی دەخۆن؟
**دایک:** نیکۆلای ئیوانۆویچ راستت دەوێ بە دەور یەکۆ کۆ ببوینەوە و چامان دەخوارد و قسەمان دەکرد.
**مامۆستا:** دەی باشە. لەگەڵ چ کەسانێکا نانیشتبوون؟
**دایک:** نیکۆلای ئیوانۆویچ نازانم خۆشتان لێیان دێت یا خۆ نا... پارەدار نین ...
**مامۆستا:** ئا... دیسانەوە خەریکی سیاسەت بوون. شوستاکۆویچی بەتاڵ پایش لێرەیە؟
**دایک:** بەڵێ، خۆیەتی و ژنەکەی و براکەی و برازاکەی و مەتی و مامەی. ئەوان کەسانێکی تێگەیشتوون و پێم وایە خۆشتان لە قسەکانیان بێت.

**مامۆستا**: پلاگە ئا ولاسۆڤا. مەگەر پێشتر بۆم روون نەکردبوویتۆ کە من پێم خۆش نییە لە ماڵەکەما قسەی سیاسەت بکرێیت؟ کەچی هیلاک و ماندوو لە مەیخانە دەگەڕێمەوە و دەبینم کە ماڵەکەم پڕە لە سیاسەت. لەوانە شاخ دەربێرم و لەداخانا تۆق بکەم.

**دایک**: نیکۆلای ئیوانۆویچ من ئێجگار بەداخەوەم کە بوومەتە هۆی ئازاری ئێوە. بەڵام من تەنیا نیازم بوو کە سەبارەت بە یەکی ئەیار لەگەڵیانا بدوێم. ئاخر ئەوان زۆری لێ نازانن.

**مامۆستا**: خانمی ولاسۆڤا ئێوە چی لە سیاسەت تێدەگەن؟ هەر ئیمشەو بە ساکاری دۆستم کە بە رەزای خوا ئێجگاریش زانایە دەووت: « ساکار هیچ شتێ لە دنیادا بەقەدەر سیاسەت گران و دەگمەن نییە. »

**دایک**: دەزانم کە ئێوە زۆر ماندون. لەگەڵ ئەوەیشا دەزانم کە گشتمان ئێجگارمان پێخۆشە کە ئێوە سەبارەت بەو شتانەی کە بۆ ئێمە بە دەگمەن دەزانن قسەمان بۆ بکەن و بۆمانی شی بکەنەوە. هەروەها کەمێ سەبارەت بە رۆژی یەککی ئەیار قسەمان بۆ بکەن.

**مامۆستا**: پێم وایە دەزانن کە من چەن رقم لەو بەتاڵپا یانی شوستاکۆویچە، گیرام چەند رێسایەکی گرینگی سیاسەتم بۆ شی کردنەوە، دەبێ بە چی؟ سەماوەر و قۆرییکە بێنە و تۆزێ نان و ترشی هەزار دێنێ.

( دایک فێری خوێندن دەبێ)

**مامۆستا**: ( لای تەختە رەشەکە راوەستاوە و تەباشیرێکی بە دەستەوەیە) زۆر باشە. ئێوە دەتانەوێ خوێندن فێر بن. من تێ ناگەم ئێوە بەم تەمەنەتان خوێندنتان بۆ چییە؟! بەڵام قەید ناکا بە پێی توانی

خۆم و لەبەر دڵی خانمی ولاسۆڤا لەگەڵتانا خەریک دەبم. پێنووستان هەیە؟ زۆر چاکە. ئێستا من سێ ووشەی ئاسان دەنووسم: « دڕوو ، بولبول، ماسی » دووپاتەی دەکەمەوە « دڕوو ، بولبول، ماسی » ( دەنووسێت)

**دایک:** ( کە لەگەڵ سێ کەسیتردا لە پشت مێزێک دانیشتووە) ئێستا هەر دەبێ دڕوو و بولبول و ماسی بێ؟ ئێمە پیرین و دەبێ ئەو ووشانە فێربین کە نیازێکی زۆرمان پییانە.

**مامۆستا:** ( بزە دەگرێت) ببورن، هۆی خوێندنتان هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نییە. جۆ بۆ دەبێ وەها بێت؟ بۆ وێنە پێمان بڵێن ووشەی کرێکار چۆن دەنوسرێت؟ بەڵکو بۆ پاوول شوستاکۆویچ سەرنجراکێش بێت.

**شوستاکۆویچ:** بەکاری چی دێ ئینسان بزانێ دڕوو چۆن دەنووسرێت؟

**دایک:** ئەو ئاسنگەرە

**مامۆستا:** بەڵام پیتەکانی ئەم ووشانە بۆ ئێوە پێویستە.

**کرێکار:** جا خۆ پیتەکانی ووشەی « شەڕی چینایەتی» ش بۆ ئێمە پێویستە.

**مامۆستا:** بەڵکوو وابێ. بەڵام دەبێ ئەوەڵ بە ووشەی سووک و ئاسانەوە دەست پێبکەین،نە بە ووشەی قورس و گرانەوە ، دڕوو ئاسانترە.

**شوستاکۆویچ** : بە رای من « شەڕی چینایەتی » ئاسانترە.

**مامۆستا:** گوێ راگرن. ئەوەڵ دەبێ ئەم باسە روون بکەمەوە و بزانن کە شەڕی چینایەتی نەهەیە ، نەبووە و نە دەبێ( شوستاکۆویچ هەڵدەستێ)

شوستاکۆویچ: هەگە نەتانەوێ سەبارەت بە شەڕی چینایەتی شت فێر بن ئەوا منیش ناتووانم هیچ شتێ لە ئێوەوە فێر بم.
**دایک:** ئێوە هاتوون فێری خوێندن و نووسین بن و هەر ئەمەیشمان لێرە پێ دەکرێ. خوێندن خۆی شیوەێک شەڕی چینایەتیە.
**مامۆستا:** قسەی قۆڕ بەوە دەڵێن. ئەمیشە قسە بوو؟( دەنوسێت) زۆر باشە
« کرێکار » ئاوەها دەنووسن. بنووسن.
**دایک:** دەزانن خوێندن خۆی شێوەیەک شەڕی چینایەتیە یانی چی؟ یانی ئەوەی کە پاش فێر بوونی خوێندن و نووسین دەتوانین دە بەوریەکەوە کۆ ببینەوە و ئەو نووسراوە و کتێبانەی کە دەمانەوێ بخوێنینەوە و پاشان دەتوانین خۆمان شەڕی چینایەتی رابەری بکەین.
**مامۆستا:** هەرچەن من مامۆستام و دووازدە ساڵە خوێندن و نووسین فێر دەکەم بەڵام دەبێ شتێ بە ئێوە بڵێم. من بەم رادە گەییشتووم کە گست شتێ لە راستەقینەدا قۆڕ و بێ بایەخە. کتێبەکان گشتیان قۆڕ و بێ مانان. ئەوان مرۆڤ شێت دەکەن. کابرایەکی لادێیی زۆر لە شارییەکە باشترە چون هێشتا شارستانیەت نەیرزاندووە.
**دایک:**« شەڕی چینایەتی » چۆن دەنووسن؟
**پاوول شوستاکۆویچ:** کاتی نووسین دەستت قایم راگرە. چون ئەگەر وەها نەکەی دەستت دەلەرزێ و کەس ناتووانێ نووسراوەکەت بخوێنێتەوە.
**مامۆستا:** ( دەنووسێت) « شەڕی چینایەتی » ( بە شوستاکۆویچ) هۆشت بێ کەلەسەر هێڵێکی راست

بنووسی. کەسێ کە هێڵی راست بە جێ بهێڵێ یاسایش دەنێتە ژێر پێ. ئەم گشتە کتێبە بەکاری چ دەێن؟ سەدان ساڵە زانست و فەن کۆ دەکرێنەوە و کتێب لە دوی کتێب دەنووسرێ و بە نووسینی هەر کتێبێک پشێوی و ئاڵۆزی فراوانتر دەبێ. کوا مرۆڤی سەدەکانی پێشتر ئەم هەموو ئازارەی هەبووە؟ بۆ گەیشتن بە ژینی ساکاری مرۆڤی چاخەکانی پێشوو دەبێ گشت ئەو کتێب و مەکینانە بکرێنە قووڵترین شوێنی زەریای رەش. وەرن لەگەڵ زانست و ژینی نالەباری سەدەی فەز بەربەرەکانێ بکەین! نووسیتان؟ هەنێ جار خەمێکی گەورە دەست دەنێتە بینم و سەبارەت بەم مەسەلەیە لە خۆ پرسیار دەکەم، ئەو بیرە خاوێن و رازاوانەی کە پێوەندی بە ئێستاوە نییە و لە لای مرۆڤی سەدان ساڵی رابوردوو سەدان ساڵی داهاتووش هەر جووان و بێ هاوتا بوون و دەبن، چ پێوەندییەکیان بە شەڕی چینایەتیەوە هەیە؟

**شوستاکۆویچ**: ئەم چەشنە بیر و بڕوایانە بێ بایەخن. ئێوە بە نوقم بوون لە زۆنگاوی ئەم بیرە خاوانەدا یارمەتی چەوسێنەران دەددەن؟

**دایک**: بێدەنگ بە شوستاکۆوێچ! دەکرێ ووشەی چەوسانەوە بنووسن؟

**مامۆستا**: چەوسانەوە ، چەوسانەوە تەنیا لە نێو کتێبەکانا هەیە، پێتان وایە من تاکو ئێستا کەسێکم چەوساندووەتەوە؟

**شوستاکۆویچ**: ئێوە بۆیە لەم قسانە دەکەن چون هیچتان لەو تاڵانە پێ نەبڕاوە.

**دایک**: بڕوانە « ر » ێی کرێکار وەک « ر» ێی چەوسێنەر دەچێ.

**مامۆستا**: زانست بەکاری هیچ نایەت، کەڵکی کەس ناگرێت، ئەوەی بەکاردێ باش بوونە.
**دایک**: زۆر چاکە، ئەگەر ئێوە نیازتان بە زانستەکەتان نییە، بیدەن بە ئێمە،
لە تاریفی فێر بووندا
( دایک و هاوەڵانی بە تێکڕا ئەم سرووودە دەخوێنن)
لە هەوەڵەوە فێر بە
بۆ تۆ کە دەتەوێ ببی بەرابەر
هیچ کاتێ درەنگ نییە

ئەلف و بێ، یەک و دوو
فێر بە زوو
هەرچەند بەس نییە
بەڵام فێر بە،
دوژمنت نائومێدییە
بۆ فێر بوون قەت درەنگ نییە
هەر ئێستاکە دەس پێ بکە**!**
خۆت بۆ رابەری ئامادە کە.
گورج کە، دەست و برد کە

ئەی کاکی دوور خراو
خوشکی پێوەند کراو
پیرە پیاوی تەمەن تەواو
هاوڕێی کۆت و بەند کراو
تێکۆشن، فێر بن تەواو
رابەرایەتیتان بکەن بە باو
ئەی خەڵکی خۆ دۆڕاو
بەش خوراوانی لێ قەوماو

فێرگەیەک دامەزرێنن بە تاو
هەستن، فێر بن وەک پیاو

ئەی کاکی رووت و برسی‌ی
چۆلەکە وردەکەی نێو هەزاران داوی پڕ لە مەترسی
لە مەتەرێزی کتێبدا
دەست بدەرە چەکی قەڵەم
دڕ بدە بە سپای نائومێدی و خەم

هاوەڵان!
هەرگیز لە پرسیار سڵ مەکەن
لەخۆڕا بە هیچ شتێ بڕوا مەکەن
بپرسن،بگەڕێن، تا پێی دەگەن
خۆتان بۆ رابەری ئامادە کەن
فێر بن، ئەگەر فێر نەبن
دوا کەوتوون
فریو دروا و کڵاو سەر چوون
لە فێر بوون مەترسن
سەرنج بدەن، پرسیار بکەن
بە فێر بوون بە ئامانج دەگەن.

**دایک**( هەڵدەستێ): بۆ ئەمڕۆ بەسە. ناتووانین وەک زەمانی زوو بە کۆبوونەوەیەک زۆر شت فێر بین. نابێ خەو لە پاوول شوستاکۆویچ حەرام بکەین. نیکۆلای ئیوانۆویچ لە کانگای دڵەوە سپاست دەکەین. بەراستی ئێوە بە خوێندن و نووسین فێر کردنمان ئێجگار یارمەتیمان دەدەن.

**مامۆستا**: لام دەگمەنە بڕوا بەم قسانە بکەم. بەڵام بە دڵەوە پێم خۆش نییە کە بڵێم بیر و بڕواتان بە تەواوی

چەوتە. لە کۆبوونەوەی داهاتودا سەبارەت بەم مەسەلە زیاتر باس دەکەین.
ئیوان وسۆفچیکۆڤ ناتووانێ بڕوا بکات کە ئەو کابرایە براکەی خۆیەتی.
**ئیوان**: خانمی ولاسۆڤا ویستم هەواڵێکتان لێ بزانم و چەند هەواڵ نامەیەکیشم بۆ هێناون. راستی پاوول نامەی بۆ نەنووسیون؟
**دایک**: نا، تەنانەت دێڕکشی بۆ نەنووسیوم. ئێجگار نیگەرانم.
**مامۆستا**: نیگەرانی ئێوە بۆ کوڕێکی وەها زۆر بێ مانایە.
**دایک**: پەرۆشی ئەوەم کە نازانم ئێستا چ دەکات. چ بەڵایەک بە سەریا هاتووە. ئاخۆ تێر زگی خۆی نانی پێ ئەدەن؟ سەرمای نییە؟ خۆتان دەزانن کە لەوێ چەند پەتویان پێ ئەدەن. شانازی پێوە دەکەم. دڵشادم کە کوڕەکەم دلێر بوو.( دەخوێنێ)

ئەو بە تەنێ زۆرە
کاتێ کەسێکیتر نییە، با نەبێ
بەڵام کاتێ ئەو نییە
شوێنەکەی زۆر خاڵییە

ئەو را نامێنێ
بە کۆششی خۆ، خۆی دەسەلمێنێ
بە شەڕ دێ بەدڵ و بە گیان
بۆ پارە، چایی،بەرگ و نان
ئەو بە شەڕ دێ بۆ ژیان

ئەو پرسیار دەکات لە بوون

لە کوێوە هاتوون؟
پرسیار دەکات لە بیر و بڕوا
دەیەوێ کام چین سەرخا؟

کاتێ کە بێدەنگی خاوەنی شارە
ئەو سەرتا پا هاوارە
کاتێ کە زوڵم فرمان دەدا
کاتێ گشت کەس چارەنووس دەست نیشان دەکا
ئەو بە دەنگی بەرز
تاوانبارەکان ناو بردە دەکا

کاتێ دادەنیشێ
شۆڕش دادەمرکێ
کاتێ دەگیرێ
هەرا و هوریا ، دەڕوا
لەگەڵیا .
کاتێ دووری دەخەنەوە
قەیران دەگەشێتەوە

**ئیوان**: لەو کاتەوە کە گرتوویانن هیچ دەنگ و باسێکیان نییە، دەڵێی عەرز هەڵیلووشیون. کەس نەیتووانیوە بیانبینێ. گرتنی ئەوان زیانێکی زۆری لە بزووتنەوەکەمان داوە. بە تایبەت پاوول. چون تەنیا کەسێکە کە ناونیشانی ئەو دێهاتیانەی کە رۆژنامەکەی ئێمەیان ئەوێت دەزانێ. بە داخەوە لەم کاتەشدا هیچ شتێ بە قەدەر پێوەندی لەگەڵ رەعیەتەکانا گرینگ نییە.

**دایک**: منیش بیرم لێ کردەتەوە. مە دەبێ لەگەڵ دێهاتیەکان پێوەندییمان هەبێ

**مامۆستا**: جا ئەمە چۆن دەکرێ؟ ئێوە دەبێ بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ زۆر کەسا قسە بکەن و ئەمیشە سووک و سانا نییە. دێهاتیەکان زیاتر لە سەد و بیست ملوێن کەسن. شۆڕش لەم وڵاتەدا و بەم خەڵکەوە هەرگیز سەرناگرێ. رووسەکان قەت پیاوی شۆڕش نەبوون و نین. ئەم کارە بۆ رۆژاواییەکان چاکە. بۆ وێنە لە ئەڵماندا شۆڕشگێڕی راستەقینە زۆرن. ئەوان شۆڕش دەکەن. بەڵام مەسەلەیەک هەیە کە بە ساکاری دۆستیشم ووتووە: رۆژنامەکانی ئێرە بۆ خوێندنەوە نابن چون هیچیان تیا نەنووسراوە( ئیوان پێدەکەنێ) بە چی پێدەکەنی؟

**ئیوان**: وێنەی خاوەن شکۆ حەزرەتی تێزارت چی لێ کرد؟ ژوورەکەت بە بێ ئەو وێنەیە چۆڵ و هۆڵ و رووت و قووتە.

**مامۆستا**: ووتم بەینێ لای ببەم باشترە. هەمیسە لەبەر چاوا بێ، مرۆڤ لێی هیلاک دەبێ. بەڵام پێم بڵێن بزانم کە بۆ لەناو رۆژنامەکانتانا شتێ سەبارەت بە فێرگەکان نانووسن؟

**ئیوان**: ناتووانم بڕوا بکەم کە تۆ لەو وێنەیە ماندوو بووبێتی و هەر بەم هۆیەش لات بردبێ.

**دایک**: قەت وەها مەڵێ. نیکۆلای ئیوانۆویچ هەمیشە لە دوی شتی تازە دەگەڕێ.

**ئیوان**: موبارەک بێ، ئەمە لەکەیەوە؟

**مامۆستا**: بە تۆ چی؟ تۆ وەڵامی منت نەدایەوە. من سەبارەت بە رۆژنامەکانتان پرسیارم کرد.

**ئیوان**: نیکۆلای من قەت لە بیرم نایەت کە تۆ شتەکانی ژوورەکەت گۆڕیبێ. تەنیا چوارچێوەکەی دوازدە رۆبلی دێنا.

**مامۆستا**: دەی دیسان دایدەکوتمەوە. تۆ گشت کەس بە گەوج دەزانی چون خۆت گەوجی.
**ئیوان**: نیکۆلای ئیوانۆویچ**!** سەرم سوورِ ماوە. ئەم قسانەت سەبارەت بە تێزارەکەمان جێی شک و گومانە. بە روالّەت وەها دیارە کە بووبێتی بە ئاژاوەگێڕ. مەل‌هۆڕی لە چاوەکانتا بەدی دەکریّ. تەنانەت تماشا کردنت بۆنی مەترسی لێدێت.
**دایک**: ئەونە سەر مەخە سەر براکەت. ئەو پیاوێکی زۆر لێزانە و بیری و رای سەبارەت بە مەسەلەکە ئێجگار گرینگە. چون ئەو زۆر شت بە منداڵەکان فێر دەکات. تازە ئەو خوێندن و نووسینی بە ئێمەیش فێر کردووە.
**ئیوان**: خۆزیا لەگەڵ ئەوانا خۆیشت شتێ فێر ببوایەتی.
**مامۆستا**: من قەت هیچ شتێ فێر نەبووم و نابم. تەنانەت ئەم خەڵکەیش ئێجگار کەم لە مەسەلەکە تێدەگەن. نامەوێ ئێوە زویر بکەم خانمی ولاسۆڤا. بەڵام ئەم مەسەلەیە ئێجگار قووڵ و بێ بنە و جگە لەوانەی کە پلەی سەری خوێندنیان تێپەڕ کردووە کەسی‌تر تێی ناگا. بەڵام سەرسوورِ هێنەر ئەمەیە کە ئەوانەی وەک پارووی چەور و بەلەززەت دەیگلێنن، خۆیان هیچی تێناگەن، ئەم مەسەلەیە لەخۆدا چەوت نییە. تەنانەت دەکرێ داکۆکی لێبکرێت. هەرچەند سوروشتیهکە نارێکی تێدا بێت. سەبارەت بەم مەسەلە قسە زۆرە. گیرام کە لایەنی ئابووری مەسەلەکە ئێجگار گرینگ بێ، بەڵام لایەنی ئابووری تەنیا گرینگی ئەم مەسەلە نییە. هەرچەند کە زۆر گرینگە. بەڵام «کۆمەڵگە ناسی» چی لێ دێت؟ بۆ وێنە من

خۆم لام وایە کە لایەنی سوروشتیش هەر بەو قەدەرە گرینگە. من لە خۆ پرسیار دەکەم مرۆڤی کامڵ لە کام لایە؟ مرۆڤ هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە.
**دایک:** ( بە ئیوان) لات وا نییە کە کەمێ گۆڕیابێت.
**ئیوان:** خانمی ولاسۆڤا، من ناتووانم بڕوا بکەم ئەمە هەر براکەی جارانی خۆم بێ.

**تابلۆی حەوتەم – بەندیخانە**

دایک، پاوول، چاودێر

(پلاگە ئا ولاسۆڤا بەو نیازەی کە ناوی لادێییەکانی لایەنگری شۆڕش لە پاوول بپرسێت. بۆ دیتنی دەچێ بۆ بەندیخانە)

**دایک:** چاودێر لە نزییکەوە ئاگادارمانە ، بەڵام گرینگ نییە من دەبێ ناونیشانی گشت ئەو هاوەڵە دێهاتیانەی لێ بپرسم. خوا بکا گشتی لە بیر مابێت( چاودێر پاوول دێنێ)

**پاوول:** ئەم کاتەت باش دایە، چۆنی؟ باشی؟

**چاودێر:** ئەبێ دوور لەیەک دانیشن، لەوێ و لەوێ. قسە کردنیش سەبارەت بە سیاسەت و میاسەت قاغەیە.

**پاوول:** بڵێ بزانم لای ئێوە چ باسە؟

**دایک:** بەڵێ، پاوول.

**پاوول:** باش هۆشیان پێتەوە هەیە؟

**دایک:** بەڵێ، وسۆفچیکۆڤی مامۆستا ، لای خۆی رایگرتووم.

**پاوول:** باش ئاگاداریت لێدەکەن.

**دایک:** بەڵێ، تۆ چۆنی؟

**پاوول:** دەترسام کە باش خزمەتت نەکەن.

**دایک:** ریشت تەواو زۆر بووە.

**پاوول:** نەختێ پیرتر دیارم ، وا نییە؟

**دایک:** من لەگەڵ تەرمەکەی ئیسمیلگینا چووم بۆ سەیوان. پۆلیس دیسان هێرشی هێنا و چەند کەسێکیان گرت. گشتمان لەوێ بووین

**چاودێر:** خانمی ولاسۆڤا ! ئەم قسانە سیاسیە.

**دایک:** ئێ. نەمزانی، ئینسان نازانێ سەبارەت بە چی قسە بکات.

**چاودێر:** ئێوە کە نازانن قسەی چی بکەن ئەی بۆ هاتوون؟ زیانی ئەم کارە هەر بۆ منە و بەس.
**پاوول:** کاری ماڵیش دەکەی؟
**دایک:** بەڵێ، بڕیار وابوو من و وسۆفچیکۆڤ حەوتەی داهاتوو لە شار دوورەوە کەوین.
**پاوول:** وسۆفچیکۆڤی مامۆستا؟
**دایک:** نا ، ئیوان.
**پاوول:** بۆ سەیوان؟
**دایک:** بەڵێ ( نزم) نیازمان بە ناونیشانەکانە ( بەرز) پاوول ئێجگار بیرمان کردووی.
**پاوول:** ( نزم) کاتێ گیرام لیستەکەم قووت دا. تەنیا چەن دانەیەم لە بیر ماوە.
**دایک:** پاوول قەت بڕوام نەدەکرد کە لەم ساڵانەی دوایی تەمەنمدا وەهام لێ بقۆمێ.
**پاوول:** ( نزم) لوشین لە پیرۆگۆڤ Pirogovo
**دایک:** ( نزم) لە کراپیوونا Krapivna چی ( بەرز) تۆ بە راستیی دڵمت شکاند.
**پاوول:** ( نزم) سولینۆڤسکی Sulinovsky
**دایک:** دۆعات بۆ دەنووسم ( نزم) سولینۆڤسکی لە کراپیوونا ( بەرز) ئەم چەن رۆژەی ئاخری عومرم بێ تۆ لە پاڵ چرایەک تێدەپەڕێنم.
**پاوول:** ( نزم) تێرێک Terek لە تۆبرایا Tobraya
**دایک:** وسوفچیکۆڤی مامۆستا زۆر لێم قەڵسە
**پاوول:** ( نزم) دەتووانی ناونیشانی ئەوانەیتر لەمانە بسێنی.
**چاودێر:** تەواو.
**دایک:** ئاغا رجاتان لێدەکەم تەنیا دەقەیەکیتر. من گێژ و وڕ بووم. پاوول گیان ئێمەی پیر و داماو دەبێ

برۆینە کونجێک و خۆمان وەشارین تا کەس بێزمان لێ نەکاتەوە. ئێمە کەڵکی کەس ناگرین ( نزم) لوشین لە پیرۆکۆڤ ( بەرز) تازە ئەبێ بە هیوای چی بین؟ ( نزم) سولینۆڤسکی لە تۆبرایا.
( پاوول سەری بە نیشانەی نا بادەدات)
**دایک:** سولینۆڤسکی لە کراپیوونا ( بەرز) چەژەکانیشمان بێ بایەخن بە سەرهات و قسە و لۆمە و سەرزەنشتی ئێمە بۆ ئێوە بێ کەڵکە. جیاوازییەکی ئێجگار لە ناوەند ئێمە و ئێوەدایە ( نزم) تێرێک لە تۆبرایا ( بەرز) ئێمە رێگایەکمان پێواوە و ئێوە بە رێگایەکیتردا دەڕۆن ( نزم) تێرێک لە تۆبرایا ( بەرز) هیچ شتێکی ئێمە و ئێوە لەیەک ناچێ. داهاتوو هینی ئێوەیە.
**چاودێر**: ئێتر تەواو.
**پاوول**: ( سەر دادەنەوێنێ) دایکە گیان لای تۆم خۆش.
**دایک:** ( سەر دادەنەوێنێ) خوات لەگەڵ رۆڵەی شیرینم.
سروود
پاوول دەخوێنێ:
یاسا نامەکان ، نیزام و زیندان
پارێزگارن لەبۆ کەڵکی وان
بەرپرس و قازیی و پاسەوان
ئامادەی جێ هێنانی فەرمان
بەڵام تاکەی؟
پێش لە فەوتان و تیا چوونیان
کە شاڵاو دێنێ بۆیان
دەفامن کە کردەوەکانیان
بەژن و باڵا و ژیان و مانیان

بارێکی قوورسە بە شانیان

خاوەنی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارن
بەخێوکەری شێخ و مەلا و سوارن
خاوەن پارە و خانەدانن
بەڵام هەرگیز نافامن
کە دوژمنەکانیان ئێجگار زاناترن
گورج و گوڵتر، توند و تۆڵتر، بە تواناترن

بەرای ئەوان دەبێ
دیواری شکسە
کۆڵەکەی بەر بدرێ
بەڵام ڕۆژێ دێ
کە تێ بگەن گشت ئەمانە
بێ بایەخن لەم زەمانە
نە دەبابە و  نە تۆپ و نە تفەنگیان
دڕ نادا بە خوازت و هێزی کرێکاران

**تابلۆی هەشتەم – جادەی دێ**

دایک، ئیگۆر، هەوەڵ کەس، قەساو، دووەم کەس، ژنی قەساو

(ئاژاوەی لادێ، دایک و دوو کرێکار دەگەن. لەپڕ بەردباران دەکرێن. کرێکارانی هاوڕێی هەڵدێن)

**دایک:** ( بەو کەسانەی کە بەردەبارانیان دەکردن) بۆ بەردبارانتان کردین؟

**ئیگۆر:** بۆ ئەوەی کە دەستتان لە مان هەڵگرتووە.

**دایک:** ئێ! کەواتە ئەوان دەستیان لە مان هەڵگرتبوو. بڵێ بۆ وەها زوو هەڵاتن. بەڵام لە کوێ مانیان گرتووە؟

**ئیگۆر:** لە کێڵگەکانی ئێسمیرنۆڤ

**دایک:** ئێوەیش یەکێ لە مان گرتووەکانن. تەوێڵی هەڵماسیوی من وا دەڵێ. من دژی مان نیم من خەلکی توورم لەدوی جوتیارێ بە ناوی ئیگۆر لوشین دەگەڕێم.

**ئیگۆر:** لوشین؟ من لوشینم لوشین خۆمم.

**دایک:** منیش پلاگە ئا ولاسۆڤام. من رۆژنامەم بۆ ئێوە هێناوە. نەمدەزانی مانتان گرتووە. بەڵام دەبینم کە ( ئیشارەت بە تەوێڵی هەڵماسیوی دەکات) دەتانەوێ بیکەن بە شەڕێکی گەورە.

**ئیگۆر:** تکایە بمانبوورە. مان زۆر خراپ دەڕواتە بەرۆ. نە پارەمان هەیە و نە خواردەمەنی. رامان هاتووە سەر ئەوەی کە ئەمشەو لێک جوێ بینەوە و بڕۆین بۆ ناو زەوی و زارەکانی دەور و پشت و تەمایەر بین بزانین چ روو دەدار. سبەینێ هەندێ زۆر لەوانەی کە دەستیان لە مان کێشاوە دێن بۆ ئێرە. هەر لە ئێستاوە گوێرەکە و مەڕیان بۆ سەر بڕیون.

**دایک:** کێ سەری بڕیوە؟
**ئیگۆر:** قەساو و نانەوا و ماست و پەنێر فرۆش مانیان نەگرتووە.
**دایک:** ئەوان بۆ مانیان نەگرتووە<
**ئیگۆر:** بۆ دەبێ مان بگرن؟ تەنیا مزی ئێمە پاڵە و سەپان کەم بووەتەوە.
**دایک:** کە واتە مزی ئەوان کەم نەبووەتەوە.
**ئیگۆر:** ئەڵبەت کەمەوە ببوو بەڵام نە لەم ماوەدا.
**دایک:** لەگەڵیان وت و وێژتان نەکردووە؟
**ئیگۆر:** کەڵکی نەبوو. ئێمە و ئەوان چمان وەک یەک دەچێ؟ بڕوانە، سەیر کە بۆ ئەوانەی کە دەستیان لە مان هەڵگرتووە چۆن دووکەڵ لە چێشتخانە بەرز دەبێتەوە. مە جوتیارین و ئەوان کرێکار. جوتیار جوتیارە و کرێکار کرێکار. قەساویش کرێکارە ئەو لە رابوردودا لە فرۆشگەی کارگایەک کاری کردووە.
**دایک:** دەتەوێ بڵێی کە ئەو لە مانگرتنا هاریکاریتان ناکات و ئێوەیش خواردەمەنیتان نییە.
**ئیگۆر:** خۆتان بەم پرسیارانە سەر قاڵ مەکەن. رۆژنامەکانمان پێ بدەن.
**دایک:** ئەمانە هی ئێوەیە.
**ئیگۆر:** ئەی ئەوانەیتر؟ بۆ هەموویمان پێ نادەی؟
**دایک:** ئەوانە دەبەم بۆ چێشتخانە.
**ئیگۆر:** مەبەستتان قەساوە؟ ئەو خۆی چاک دەزانێ چ دەکات. گوێتان بۆ شل ناکات. ئەو کاری خۆی پێ دروستە. هەڵبەت ئەگەر وەهایش نەکات ئەویش دەبێ وەک ئێمە زگی برسی بێت. ئەم کەسانە تەنیا بە گوێرەی کەڵکی خۆیان دەجوڵنەوە.

**دایک**: ئەو ئەگەر زۆریش زۆر زان بێ گرینگ نییە با شتێکت پێ بڵێم: من خۆم کرێکارم و پێم وایە خۆ دوور گرتنی ئێوە لە هاوقەتارانی من تەنیا بەو پێیەی کە لە هەوەڵەوە ئەنجامێکتان لای خۆتان بۆ دابین کردووە کارێکی هەڵەیە. هەمیشەیش ئەمەتان لە بیر بێ لەو جێگەی کە کرێکارێکی تیا دایە هێشتا گشت شتێ نەفەوتاوە. هەر چۆنێ بووە من دەبێ رۆژنامەکانیان پێ بدەم. هەرچەن جێی شەرمەزارییە کە هێشتا لە دووکەڵکێشی چێشتخانە دووکەڵ بەرز دەبێتەوە.

( بەرەو چێشتخانە دەڕوات)

**ئیگۆر**: وا دیارە حاڵی بوونی بۆ نییە. کەسانێکی وا قەت راستەقینە لە پێش چاو ناگرن. جوتیار جوتیارە و کرێکار کرێکار و ئا ئیتر.

چێشتخانەی کێڵگەکان

( دوو کەس لەوانەی کە دەستیان لە مان هەڵگرتووە لە چێشتخانە دانیشتوون و لەگەڵ قەساو شآم دەخۆن)

**هەوەڵ کەس**: ( بە دەم جاوینی پاروەکەیەوە بەوی‌تر) کەسێ کاتی تەنگانە ولاتی جێ بهێڵێ و بڕوات خایەنە. کرێکارێ کە مان دەگرێ خایەنە چون دروست لە کاتی تەنگانەدا وڵاتەکەی بەرەڵڵا دەکات.

**قەساو**: ( بە دەم خواردنی گۆشتەوە) مەبەستت لە وڵاتەکەی چییە؟

**هەوەڵ کەس**: ئێرە رووسیەیە و ئەوانیش رووسن. رووسیە هی رووسەکانە.

**قەساو**: ئێ. راست دەکەی؟!

**دووەم کەس**: ئەمە بۆ کەسێ کە ناتووانێ لەم باسە تێ بگات- ئەم گۆشتە هێشتا کاڵە- شی ناکرێتەوە. بەس دەبێ مێشکی ئەم کەسانە بهاڕێ

**قەساو**: بە تەواوی وایە.

**هەوەڵ کەس**: ئەم مێزە نیشتمانە. ئەم گۆشتە نیشتمانە

**قەساو**: بەڵام هێشتا کاڵە.

**دووەم کەس**: ئەم شوێنەی کە من تیا دانیشتووم نیشتمانە. گوێ راگرە( بە قەساو) تۆیش پارچەیێ لە نیشتمانی.

**قەساو**: بەڵام منیش هێشتا کاڵم.

**هەوەڵ کەس**: مرۆڤ دەبێ داکۆکی لە نیشتمانەکەی بکات.

**قەساو**: بەڵێ بەو مەرجەی هی خۆی بێ.

**دووەم کەس**: تۆیش خەریکی باسی ئەم ماتڕیالیزمە لەعینە دەکەی

قەساو: لەعین( ژنی قەساو دایک بەسەری خوێناویەوە دەێنێتە ژوورەوە)

ژنی قەساو: ئا لێرە دانیشە! ئێستا ئاوی ساردت بۆ دێنم بۆ ئەوەی چاک ببیتەوە دەبێ شتێ بخۆی( بەوانەتر) ئەوان بەردیان بۆ هاوێشتووە.

**هەوەڵ کەس**: ئەمە هەر ئەو ژنەیە کە لە رێگادا لەگەڵمان بوو.

دووەم کەس: مانگرەکان ئەم بەڵایان بەسەرا هێناوە. ئێمە زۆر پەرۆشی بووین.

**دایک**: ئێستا تۆزێ باشترم.

**هەردوو**: شوکری خوا.

**ژنی قەساو**: ئەو ئاژەڵە کێویانە چۆن دڵیان هات لەسەر مەسەلەی بێ بایەخی کار لەگەڵ ئەم ژنەدا بە شەڕ بێن! سەیرکە چ برینێ! ( دەڕوات ئاو بێنێ)
**دایک**: ( بە بینەران) هاو دەردی ئەو مرۆڤانەی کە چاوەڕوانی برین دەکەن چەند زیاترە لەو کەسانەی کە بریندار دەکەن.
**هەوەڵ کەس**: ( بە چنگاڵەکەی ئیشارە بە دایک دەکات) ئەمە ژنێکی رووسە کە کرێکارە رووسەکان سەریان شکاندووە. ئێوە دایکن؟ یانی منداڵتان هەیە.
**دایک**: بەڵێ.
**هەوەڵ کەس**: دایکێکی رووسیان بەردباران کردە.
**قەساو**: بەڵێ. بە بەردەکانی رووس ( بە بینەران) سەیر کەن چ کەسانێ نانی من دەخۆن ( بە دایک) بۆ سەریان شکاندی؟
**دایک**: ( برینەکەی بە پارچەیەک دەسڕێ) بۆ ئەوەی کە لەگەڵ کەسانێکا دیمیان کە دەستیان لە مانگرتن هەڵگرتووە.
**دووەم کەس**: چەند خایەنن.
**دایک**: مەبەستت لە خایەن چییە؟ ئەزانن لە بیری چیدا بووم؟ بیرم لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە ئەوان هەرگیز خایەن نەبن.
**ژنی قەساو**: ئەگەر خایەن نین ئەی بۆ تۆیان بەردباران کرد؟ بۆ سەریان شکاندی؟
**دایک**: چون وایان زانی من خایەنم.
**ژنی قەساو**: بۆ ئەبێ وا بزانن؟
**دایک**: وەیان دەزانی کە منیش لەوانەم کە دەستیان لە مانگرتن هەڵگرتووە.

**قەساو**: ( پێدەکەنێ) کە واتە بە رای تۆ ئەوانەی پشتیان لە مان هەڵگرتووە شیاوی بەردبارانن.
**دایک**: دەی دیارە کە وایە.
**قەساو**: ( سەیری ژنەکەی دەکات) تۆزێ خواردەمەنی بۆ بێنە! خێراکە! دوو دەوری پڕ بێنە! ( دەچێتە پاڵ دایک) من ناوم « واسیل یفیمۆویچ» ە ( بە ژنەکەی) یاریدەی ئاشپەزم بۆ بنێرە! ( یاریدەی ئاشپەز دێتە ژوورەوە) مانگرەکان ئەم ژنەیان بەردباران کردە. سەری شکاوە. بڕوانە ئا ئێرەیەتی. پرسیارم لێکرد بۆ سەرت بریندار بووە ووتی ئەوان پێیان وا بووە منیش لەو کەسانەم کە پشتم لە مان هەڵکردووە. پرسیارم لێ کرد بە رای تۆ دەبێ گشت ئەو کەسانەی کە مانیان جێ هێشتووە بەردباران کرێن؟ پێت وایە ووتی چی؟
**دایک**: بەڵێ
**قەساو**: هەتا ئەمەم بیست، ووتم چێشتی بۆ بێنن! دوو دەوری پڕ( بە دایک) ئەی بۆ ناخۆی؟ زۆر گەرمە؟ ( بە ژنەکەی) بۆ چێشتی وەها گەرمت هێناوە، مەگەر دەتەوێ دەمی بسووتێنی؟
**دایک**: ( پاڵ بە دەوریەکەوە دەنێ لە خۆی دوور خاتەوە) نا. واسیل یفیمۆویچ، زۆر گەرم نییە.
**قەساو**: ئەی بۆ نایخۆی؟
**دایک**: چون بۆ ئەوانەت لێناوە کە دەستیان لە مان هەڵگرتووە
**قەساو**: وتت چی؟
**دایک**: ووتم ئەم چێشتە بۆ ئەوانە لێنراوە کە دەستیان لە مان هەڵگرتووە
**قەساو**: زۆر چاکە، تازە دەبیسم! خەریکە خۆش دەبێ کە واتە بەم پێیە منیش خایەنم، بەڵێ؟ سەیری من

بکەن – من خایەنم! بۆ چ خایەنم؟ بۆ ئەوەی پشتیوانی لەو کەسانە دەکەم کە دەستیان لە مان هەڵگرتووە ( بە دایک) وا نییە؟ ( لەتەنیشتیەوە دادەنیشێ) پێت وا نییە مانگرتن هەڵە بێ؟ یا خۆ بە بڕوات مانگرتن هەگە هۆیەکی ببێ کارێکی دروست و بە جێیە؟ ( دایک بە سەر دەڵێ وایە) تۆ دەتەوێ بڵێی مزەکانیان کەم کردەتەوە؟ بۆ رات وایە کە نەدەبوو کەمی بکەنەوە. هەموو ئەم شتانەی کە دەیبینی هی ئاغای « ئیسمێرنۆڤ» ە کە لە « ئۆدسا» دەژی. بۆ نەتووانێ مزەکان کەم بکاتەوە؟ ( کرێکارەکان لە دڵەوە خۆشحاڵن) مەگەر پەرەی خۆی نییە؟ وا دیارە بە رای تۆ ئەو مافی ئەوەی نەبێ رۆژێ مزەکان بکا بە دوو رۆبل و رۆژێکیتر بیکا بە دوو کوپێک؟ ئەمەیشت قەبووڵ نییە؟ بەڵام دەزانی پارەکە ئەم وەختانە چ روویدا؟ تەنانەت مزی منیش کەمەوە بوو. پێت وایە چم کرد( روو دەکاتە ژنەکەی) بە رێنوینی تۆ: هیچ پێت وایە سپتامبری ئەمساڵ چ روو دەدا؟ مزی من دیسانەوە کەم دەبێتەوە! دەی تاوانی من چییە؟ بۆ خەیانەت؟ خەیانەت بەو کەسانەی کە ئەوانیش مزیان کەم بووەتەوە و ناتووانن قەبووڵی بکەن. ئێستا بیر و رات سەبارەت بە من چییە؟ ( بە دایک) من تەمایەر بووم کەسێکی بەڕێز پەیدا ببێ و بەرە و رووی خۆم بڵێ چون کەسێکی بەڕێزە ناتووانێ لە چێشتەکەم من بخوات؟ کاسەکە پڕە. زۆر دەمێکەیە پڕ بووە، تەنیا دڵۆپێتر بەسە( ئیشارەت بە دایک دەکات) تاکو سەر رێژ کات. رق و بێزاری بەس نییە. هەرشتێ دەبێ دەسکەوتێکی دیاردەی ببێ( بە وانەیتر) بەو ئاغای

ئێسمیڕنۆڤەتان بڵێن چێشتتان لە ئۆدساوە بۆ بنێری.
خۆتان دەتوانن لێیبنێن.
**ژنی قەساو**: مەهێڵە وا زوو کارت تێ بکات.
**قەساو**: چێشت لێنانی من لە کارگا زۆریش خۆڕایی نەبوو. من نەم دەتووانی مافی خۆ لەوان بستێنم ( ژنەکەی هەوڵ دەدا خاوی کاتەوە) بە خۆمم ووت دەچم بۆ دێ لەوێ بەشەرەفەوە دەژیم. بەڵام بە کوێ گەییشتووم؟ بوومەتە زبڵدانێ کە دەبێ چێشتەکان بکەم بە دەم ئەم چەشنە کەسانەوە.
**ژنی قەساو**: دیسان دەتووانین بگەڕێینەوە.
**قەساو**: بەڵێ، هەر ئێستا دەڕۆین( دەست بڵاوانە) قابلەمەی نیسکەکە بێنە ژوورەوە. تۆیش گۆشتەکان، هەر چییە کە هەیە. بۆچی لێنراون؟
**ژنی قەساو**: پاشان پاشگەز دەبیتەوە. ئەنجام ماڵ وێرانمان دەکەی.
**قەساو**: ( بە وانەی کە دەستیان لە مان هەڵگرتووە) وون بن. لەگەڵ ئێوەمە، ئێوەی دڵسۆزی نیشتمان! مە مانمان گرتووە. یاریدەی ئاشپەزیش مانی گرتووە. بۆ دەرەوە( دەریان دەکاتە دەرەوە) من چون قەساوم، عادەتم وا بووە هەمیشە دوا کەسێ بم کە پێدەکەنێ( دەڕواتە بەردەم دایک رادەوەستێ. دەستی ناوەتە سەرشان ژنەکەی) ئێستا بڕۆ بڵێ بەوانەی کە بەردبارانیان کردی: زوو بێن چێشتەکەیان ئامادەیە.
تاریفی ولاسۆڤاکان
( بە هاریکاری قەساو و یاریدەری ئاشپەز دەخوێندرێ)
ئێستا شەڕکەری باش و زانا
هاوڕێی ئازیزمان ولاسۆڤا

ئازا و تێکۆشەر ، زیرەک و دلێر
جێ متمانە و بڕوا

جێ متمانەی مەیدانی شەڕ
ئازا بەرانبەر دوژمنی بەد فەڕ
بۆ بەدی کردنی ئامانج زانا
ولاسۆڤا، ولاسۆڤا، ولاسۆڤا.
پێویستی ئیشەکەی تێدەگا
هەڵبەت تەنیا نییە ولاسۆڤا

کەسانی چون ئەو دڵنیا
لە تور، گلاسکۆ،
لیۆن، شیکاگۆ
شانگهای و هێندستانا
لە بست بە بستی جیهانا
تێدەکۆشن بە هەموو توانا

پێشمەرگە بێ ناوەکانی شۆڕش
ئاڵا هەڵگرانی دڵ پڕ لە هیوا
کۆڵنەدەرانی رێگای بڕوا
ولاسۆڤا، ولاسۆڤا، ولاسۆڤا.

**تابلۆی نۆهەم -  ماڵی وسۆفچیکۆڤی مامۆستا**
مامۆستا، دایک،کرێکاری هەوەڵ، پاوول،کرێکاری دووەم، شوستاکۆویچ
( گەڕانەوەی پاوول، پلاگە ئا ولاسۆڤا دوو کرێکار ئامێرێکی چاپەمەنی دەبەن بۆ ماڵی وسۆفچیکۆڤی مامۆستا)
**مامۆستا**: پلاگە ئا ولاسۆڤا ئێوە مافی ئەوەتان نییە لە ماڵی منا ئامێری چاپ دابنێن. ئێوە خەریکن لە پیاو چاکیەتی من بە خراپ کەڵک وەردەگرن. دروستە کە من لە باری بیر و راوە لایەنگرتانم بەڵام نەتا ئەم رادەیە.
**دایک**: نیکۆلای ئیوانۆویچ راستە کە ئێوە لایەنگری بیر و رای ئێمەن؟ لەبیرتانە کە دوا بڵاوکراوەمان ، بۆ یەکیەتی کرێکاران، بە شان و قۆڵی تۆ ئامادە بوو و کەچی ئێستا ناتانەوێ هەواڵنامە چاپ ببێ؟
( ئامێری چاپ بۆ چاپکردن ئامادە دەکەن)
**مامۆستا**: بۆ نا. دەمەوێ، بەڵام نامەوێ لێرە چاپ بکرێن.
**دایک**: ( زویر) نئکۆلای ئیوانۆویچ ئێمە ئەمە فەرامۆش ناکەین( درێژە بە کارەکەیان دەدەن)
**مامۆستا**: دەی چ دەبێ؟
**کرێکاری هەوەڵ**: کاتێ خوشکە ولاسۆڤا بڕیارێ بدا کەس ناتووانێ پێشی پێ بگرێت. خۆشمان لەم بابەتەوە دەترساین. بەڵام چار نییە. بڵاوکراوەکان دەبێ تا کاژێری هەشت ئامادە بن.
**دایک**: ئێمە دەبێ هەواڵنامەیەکی زیاتر ئامادە بکەین. زۆر بەی خەڵک لە ترسانا دەساودەسی ناکەن، هەرچەن پاڵە پەستۆ زیاتر دەبێ خەڵکیش بێ خەیاڵتر

دەبن. وا دیارە لەگەڵ گشت پیسیەتی و سووکایەتیەکدا ڕێک کەون.
( مامۆستا دەچێتە ژووریژیتر و خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبێ. ئەوان دەست دەکەن بە چاپ کردن، دەنگی دەزگا ئێجگار زۆرە، مامۆستا بە توڕەییەوە دەگەڕێتەوە)
**دایک**: تۆزێ دەنگەکەی زۆرە، وا نییە؟
**مامۆستا**: چراکەی من لەسەر مێزەکە کەوتە خوارەوە، ئەگەر ئەم گشتە دەنگە دەنگە ببێ، من ئیزن نادەم ئێوە کاغەزی دژ بە یاسا لێرە چاپ بکەن.
**دایک**: نیکۆلای ئیوانۆویچ ئێمەیش دەزانین کە دەنگەکەی زۆرە.
**کرێکاری دووەم**: ئەگەر شتێکمان بووایەت کە لە ژێر دەزگاکەدا رامان خستایێ دراوسێکان دەنگەکەیان نەدەبیست. نیکۆلای ئیوانۆویچ هیچتان نییە لە ژێریا رایخەین؟
**مامۆستا**: نا، نا ، هیچمان نییە.
**دایک**: پەلە مەکەن. بێدەنگ بن. ئەم هاوسێمانە لە ناو مجریەکەیدا کوتێ ماهوتی هەیە، دایناوە کە بیکا بە کۆت بۆ منداڵەکانی. تا کاتێ نەگەڕاومەتەوە ئیش مەکەن( دەڕواتە دەرەوە)
**کرێکاری هەوەڵ**: ( بە مامۆستا) تکاتان لێدەکەم لی زویر مەبن، ئێمە ئەومان هاورد بۆ ئێرە تاکو لە ئاسایشدا بێت. ئێمە نەماندەویست ئەو لەم کارەدا بەشداری بکات. بەڵام خۆی وەهای پێخۆش بوو( لە دەرگا دەدەن، ئەوان ئامێری چاپەکە دادەشارن، مامۆستا دەرگا دەکاتەوە. پاوول لە دەرەوە دەنگی دێت)

**پاوول:** پلاگە ئا ولاسۆڤا لێرە دەژی. من پاوول ولاسۆڤام( پاوول دێتە ژوورەوە)
**پاوول:** ئەم کاتەتان باش، دایکم کوا؟
**کرێکاری دووەم:** هەر ئێستا دەگەڕێتەوە، بە شوێنتەوەن؟
**پاوول:** ئەرێ وەڵڵا، ئەمشەو دەبێ بەرەو فنلاند هەڵێم.
**کرێکاری دووەم:** لێرە دانیشە. دەنگ مەکە با دایکت داچڵەکێنم.
( پاوول لەسەر کەتێ بەرانبەر بە دەرگای ژوورەکە دادەنێن و دەوری دەگرن دایک دێتە ژوورەوە)
**دایک:** پاوول**!** ( دەیکاتە باووش) ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لاوازتر دەبی. لەباتی قەڵەو بوون ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەڕتر دەبێ. دەمزانی زۆر ڕاتناگرن. چۆن بەر بووی**!** تاکەی لێرە دەمێنیتەوە؟
**پاوول:** ئەمشەو دەبێ هەڵێم بۆ فنلاند.
**کرێکاری دووەم:** ماهوتت هێنا؟ ( بە پاوول) هەواڵنامەکان ئەبێ تا کاژێری هەشت ئامادە بن.
**پاوول:** کە واتە خەریک بن**!**
**دایک:** ( زەردەخەنە دەگرێ) زووتر کارەکەمان دەست پێ بکەین با زووتر تەواو بین. دەی زوو بن. ئەم « مارفا کاترینۆونا» یشە رووشکێنی کردم**!** بۆ؟ بۆ بۆ ئەوەی کە پارچەکەی بۆ کۆتی مناڵەکانی ڕاگرتووە. پێی دەڵێم : ( مارفا کاترینوۆنا ئائێستە مناڵەکانتم دی کە لە فێرگە دەگەڕانەوە و کۆتیشتان لەبەردا بوو.) دەڵێ: ( کۆت؟ تۆ ناوی ئەم خرسەکانەیش دەنێی کۆت. مناڵەکانیتر لە فێرگە گاڵتەیان پێدەکەن.) پێی دەڵێم: ( مارفا کاترینوۆنا مرۆڤە هەژارەکان دەبێ هەمیشە کۆتی دڕاو و پیناوی

لەبەر بکەن. تەنیا تا بەیانی‌ی ئەو پارچەیە بە قەرز بدە بە من. با پێشت بڵێم بەم کارە زیاتر یارمەتی منداڵەکانت دەدەی تا بە کۆتیکی خەیاڵیەوە دڵخۆشیان بکەی.) بەڵام قەت کەسم بەم کەڵە رەقییەوە نەدیتووە. کەڵکی نەبوو. گەرەکی نەبوو پارچەکەم پێ بدات تەنانەت بڕیاری دوو کوپێکیشم پێدا.( لە ژێر بەرەڵبێنەکەیەوە چەند کوت پارچەی ماهوت دەر دێنێ و دەیانخانە ژێر ئامێرەکە)

**مامۆستا**: ئەی ئەمانە چین؟ دایک: دەی دیارە ، ماهوتە ( گشتیان پێدەکەنن)

کرێکاری دووەم: ئەبۆ لە مارفا کاترینۆنا گلەیی دەکەی؟

**دایک**: چون هانی دام دزی‌ی بکەم. بۆ ئەوەی کە بە راستی‌ی نیازمان پی بوو، دزیم. چاپی ئەم هەواڵنامانە بە کەڵکی منداڵەکانیەتی. ئەمە راستەقینەیەکی ساکار و بێخەوشە.

**کرێکاری دووەم**: پلاگە ئا ولاسۆڤا! لە لایەن هەمووانەوە بۆ ئەم ماهوتە سپاست دەکەین( پێکەنین)

**دایک**: سبحەینێ بۆی دەبەمەوە ( بە پاوول کە دانیشتووە ) نان و کەرە ناخۆی؟

**کرێکاری دووەم**: ( لە پشت ئامێرەکەوە) کێ هەواڵنامەکان لە ماشینەکە دادەگرێ؟

( دایک لە جێگەی خۆی هەڵدەستێ و دەچێتە لای ئامێرەکە، پاوول نانەکە هەڵدەگرێ)

**دایک**: بڕوانە تاقەکەی ژێرەوە. کاردێکی تێدایە.

**پاوول**: پەرۆشی من مەبە. تەنانەت لە سیبریيا توانیم نان بۆ خۆم چنگ خەم.

**دایک:** ئاگاتان لێیە. خەریکە سەرزەنشتم دەکات، بەڵام گوێی لێ راناگرم. لەت کردنی نان بچکۆڵەترین کارێکە لە دەستم دێ بۆت بکەم.
**مامۆستا:** ئەی کێ هەواڵنامەکان داگرێ؟
**پاوول:** ( لەتێ نان دەکاتە پاروو. ئەوانیتر خەریکی کارن) دایکی پاوول ولاسۆڤ. هەواڵنامەکان لە ئامێرەکە دائەگرێ. بۆ بایەخێ بە کوڕەکەی دەدا؟ هەرگیز! چایی بۆ دەم ئەکات؟ گەرماوی بۆ ئامادە ئەکات؟ گای بۆ سەر ئەبڕێت؟ هەرگیز، خوا نەکات ... کوڕی هەژار خەریکە لە سیبیرییەوە بەرەو فنلاند هەڵدێ. گژەی بای سارد و سڕ گۆنای دەڕوشێنێ و دەنگی گوشەکان لە گوێیا زرینگا ئەداتەوە، بەڵام پەنایەک جگە لە چاپخانەیەک شک نابات کە سەری تێدا بنێتە عەرز و دایکیشی لە باتی ئەوەی لە ژوور سەری دانیشێ و قژی بۆ بدۆزێ، هەواڵنامەکان لە ئامێرەکە دادەگرێ.
**دایک:** ئەگەر حەز ئەکەی یارمەتیم بدەی وەرە بۆ ئێرە.
( پاوول لە پاڵ ئامێرەکە بەرانبەر بە دایکی دائەنیشێ و بیری کۆن دەکەونەوە)
**دایک:** زۆر ناخۆش بوو؟
**پاوول:** خراپ نەبووین، هەڵبەت پێش لەوەی نەخۆشی تیفووس یەخەمان بگرێ.
**دایک:** باشە دەی تێر سکی خۆتان نانتان بوو؟
**پاوول:** هەڵبەت تا رۆژێ کە ئیتر هیچمان نەما.
**دایک:** ئێستا نیازی رۆیشتن بۆ کوێت هەیە؟ رۆیشتنەکەت درێژخایەنە؟
**پاوول:** ئەگەر هەر بەم شێوەیە تێکۆشی، نا.

**دایک**: تۆیش لەوێ هەوڵ دەدەی؟
**پاوول**: هەڵبەت! ئەوئێش بە قەدەر ئێرە گرینگە( لە دەرگا دەدەن، شوستاکۆویچ دێتە ژوورەوە)
**شوستاکۆویچ**: پاوول ، هەر ئێستا دەبێ بڕۆی، ئەمەیش بلیتەکانت. هاوڕێ « ئیسای» لە ئێستگای شەمەندەفەر تەمایەرتە. پساپۆرتە فنلاندیەکەت لای ئەوە.
**پاوول**: پێم وابوو بەلانی کەمەوە چەند کاژێرێک دەرفەتم هەیە. ناشە، قەید ناکات.
**دایک**: ( رووسەریەکەی گورج دەکاتەوە) منیش تا ئەوێ لەگەڵتا دێم.
**شوستاکۆویچ**: نا، بۆ پاوول جێی مەترسییە. تۆ دەناسن بەڵام ئەو نا!
**پاوول**: تا چاو پێکەوتنێکیتر ماڵ ئاوا، دایە!
**دایک**: هیوا دارم لە چاوپێکەوتنێکیترا بتووانم بابۆڵەیێ نان و کەرەت بۆ پێچمەوە.
**پاوول**: هاوڕێیان ماڵ ئاوا( پاوول و شوستاکۆویچ دەچنە دەرەوە)
**مامۆستا**: ولاسۆڤا ! خوای لەگەڵە.
**دایک**: زۆر ئەرخایەن نیم. ( دایک دەگەڕێتەوە بۆ لای ئامێرەکە و درێژە بە کارەکەیان دەدەنن)
(دایک دەخوێنێ)
**لە تاریفی ئامانجی گشتیا**
چما ئێجگار دەبیسیی
کە دایکان
چەند زوو منداڵەکانیان لە کیس دەچێ
بەڵام من
رۆڵەکەم لە کیس نەچووە

بۆ چ؟
چوون ئامانجم بەدی کردووە
من و ئەو دوو کەس بووین
شتی سێهەم، ئامانجی هەر دوو
مەی هان دەدا
بۆ گۆڕینی درەنگ بە زوو
چما ئێجگار بیستوومە
کە منداڵان
لەگەڵ دایکانیانا راوێژیان دەکرد
بەڵام
چ باسێک شیرینتر لە راوێژی مە
سەبارەت بە کۆششی درشت تاکو ورد
سەبارەت بە شوێن ئامانجە
کە ئێمەی لێک نزیک دەکرد
هەڵبەت زۆر کەس بە ناوی شیاوی
ئامانجی مەزن ناو بردەیان دەکرد
چەند نزیک بووین بە یەکتر
بە ئامانجمان
چەند باش بووین بۆ یەکتر و
بۆ ئامانجمان
چەند نزیک بوو لێمان
ئامانجی مەزنمان

**تابلۆی دەهەم- فرۆشگە**

کرێکاری ژن، فرۆشیاری ژن، ژنی هەوەڵ، ژنی دووەم، دایک

(دایک کۆشش دەکات لەگەڵ سستی چەوساوەکان بەرانبەر بە ئازاریان و تەنانەت مەسەلە بچکۆڵەکانی ژیانی رۆژانەیان و زۆڵمێ کە لێیان دەکرێت بە شەڕ بێت. باڵتەی قاقەز)

**کرێکاری ژن** : ( لەگەڵ منداڵێک) گشت ئەم شتانە تێکڕا بایی چەندە؟

**فرۆشیاری ژن**: گۆشت پێنج کۆپێک، ئارد دوازدە کۆپێک، مرەبا دە کۆپێک، چایی بیست کۆپێک، شەمچە دوو کۆپێک، سەرجەم دەکاتە چلونۆ کۆپێک.

**کرێکاری ژن**: ( بە منداڵەکەی) چاوت لێیە ئیلیچ؟ چلونۆ کۆپێک، تازە دەبێ باڵتەیشت بۆ بکڕم. ( بە ژنەکانیتر) هەمیشە سەرمایەتی.

**ژنەکان**: زۆر لاوازە، بەم چۆنیەتیە دەبێ سەرمایشی بێت. چۆن دڵت دێ بەم بەفرە وەها رووت و قووت بیهێنیتە دەرەوە؟

**کرێکاری ژن**: بەڵام من تەنیا بیست کۆپێکیترم هەیە و بەس. باڵتەت بەم نرخە لایە؟

( فرۆشیار ئیشارەت بە گنجینەیەک دەکات کە شەش باڵتەی منداڵانی تیا هەڵواسراوە.)

**کرێکاری ژن**: باشە، باڵتەی باشتان هەیە.( بە وردی تاقیان دەکاتەوە) ئەمە تەواو پڕ بە بەریەتی. بەڵام ئەوەیتر هەرزانترە، هەڵبەت زۆر گەرم نییە. بەڵام زۆریش خراپ نییە. ئەوەیان کە بەری هەیە چاکترە.

**فرۆشیاری ژن**: نرخەکەیشی چاکترە!

**کرێکاری ژن**: ئەم باڵتە ناسکەیان بە چەنێ؟

**فرۆشیاری ژن**: پێنج رۆبڵ‌ونیو.
**کرێکاری ژن**: که وایه ناتووانم بیکڕم. من ئه‌وه‌نده‌م پاره پێ نییه.
**ژنه‌ی فرۆشیار**: وایه. مردن هه‌رزانترین کاره ( به ژنێکی‌تر) فه‌رموون
**ژن**: نیو کیلۆ بڕوێش.
**ژنه‌ی کرێکار**: خۆ ده‌زانن، چه‌ند حه‌وته‌ی پێش له کارخانه‌ی « مۆراتۆڤ» دیسان مزیان که‌م کردینه‌وه.
**دایک**: بیستم که کرێکاره‌کان به‌م کاره رازیی بوون.
**ژنه‌ی کرێکار**: به‌ڵێ، هه‌ڵبه‌ت هه‌گه رازیی نه‌بووایه‌تن ئاغای مۆراتۆڤ کارخانه‌ی ده‌به‌ست. هه‌گه من ناچار بم یا مزی که‌م و یا خۆ به‌تاڵی یه‌کێکیان هه‌ڵبژێرم، ده‌ی دیاره که مزه که‌مه‌که هه‌ڵده‌بژێرم.
**دایک**: تێده‌گه‌ی ئیلیچ؟ هه‌میشه ده‌بێ زیانی که‌متر هه‌ڵبژێریت. چوون به‌م شێوه‌یه ئاغای مۆراتۆڤیش که‌متر زه‌ره‌ر ده‌کا. بۆ ئه‌و خۆشتره که مزی که‌متر بدات تا زۆر .ئیلیچی ئازیز! کاتێ ئاغای مۆراتۆڤ بیه‌وێ قازانج ببات مزی باووکی تۆ که‌مه‌وه ده‌کات. هه‌ڵبه‌ت نه‌نوسراوه ئه‌بێ باووکت کار بکات و ده‌تووانێ ئیتر کار نه‌کات. به‌ڵام تۆ باڵته‌ت پێویسته. ئاشکرایه که باڵته‌ی بیست کۆپێکت ناوێ. به‌ڵام ده‌بێ باڵته‌یشت هه‌بێ ئه‌گینا بێ باڵته هه‌ڵناکه‌ی جا ئه‌گه‌ر باڵته‌ی بیست کۆپێکیشت ده‌وێ ئه‌میشه باڵته و لێت موباره‌ک بێ.
( نموونه‌یه‌کی کاغه‌زی له دووکانه‌که هه‌ڵده‌گرێ و ده‌یه‌وێ بیدا به ئیلیچ)
**ژنه‌ی فرۆشیار**: نموونه‌که‌ت له کوێ هه‌ڵگرتووه. داینێره‌وه سه‌ر جێگاکه‌ی خۆی.

**ژنی هەوەڵ**: گاڵتە دەکات.
**ژنی دووەم**: بەڵام بۆ چ گاڵتە بەو منداڵە دەکەی؟
**دایک:** کێ دەیەوێ گاڵتە بە ئیلیچ بکات؟ من یان ئاغای مۆراتۆڤ و دروستکەری باڵتەکان؟ ئیلیچ بەڵتەیەکی چەند کۆپێکی پێویستە و ئەمیشە باڵتە. پێتان وایە گەرم نییە؟ کە واتە ئەو باڵتەیەکی گەرمی پێویستە!
**ژنەی فرۆشیار**: یانی چون من بە خۆڕایی نایدەم تاوانبارم؟
**ژنەی کرێکار**: من شتێکم لە ئێوە ناوێ، دەزانم ئەم کارەتان لێ ناوەشێتەوە.
**ژنی هەوەڵ**: ( بە دایک) یانی بە رای تۆ فرۆشیار تاوانبارە؟
**دایک:** نا تاوانباری راستەقینە ئیلیچە.
**ژنەی کرێکار**: ئەوەی شایەنی باسە من ناتووانم باڵتەکە بکڕم.
**ژنەی فرۆشیار**: کاتێ نرخەکەی بە شانتان قوورسە ، باشتر وایە نەیکڕن.
**دایک:** راست دەکات ئیلیچ. کاتێ لە کڕین نایەت تۆ هەر باڵتەت پێویست نییە.
**ژنی هەوەڵ** : ( ئیشارەت بە فرۆشیار دەکا کە چاوی پڕ بووە لە ئەسرین) ئەو دەبێ پارەی ئەم باڵتانە بدات بە دروستکەری باڵتەکان.
**دایک:** بەڵام ئاخر خۆ ئەمە باڵتە نییە. گەرم نییە و ئەوانەش و ئەوانەش ( بە شەش باڵتەکەی ناوگەنجەکە ئیشارەت دەکات) باڵتە نین. جنسی بازاڕین. ئەگەر دروستکەر بیەوێ زیاتر لە ئەندازە قازانج بکات ئیلیچ هەرگیز ناتووانێ ببێ بە خاوەنی باڵتە. باشە

ئیلیچ بە مە دەڵێن زیانی کەمتر. ئەگەر هەر نەتبووایەت دەیانووت زیانی زیاتر. ئێستا بەم باڵتە بچکۆلانەتەوە بڕۆ دەرەوە و بە بەفرەکە بڵێ ئاگادارت بێ چون ئاغای مۆراتۆڤ ئاگای لێت نییە. باڵتەکەت بە کار نایەت و دایک و بابی تۆیش هەر نازانن چۆن باڵتەت بۆ دەستبخەن. ئێستا بڕۆ و بە ئاسمان بڵێ ئەبێ تەنیا لێرە ببارێت. چون تەنیا ئێرە باڵتەی تیایە.

**تابلۆی یازده - ماڵی وسۆفچیکۆڤی مامۆستا**

ژنی یەکەم، ژنی دووهەم، ژنی سێهەم، خاوەن ماڵ، دایک.

ویژەرانی هاودەنگ
( کرێکاران بۆ دایکی دەخوێنن)
ولاسۆڤا، ولاسۆڤا
رۆڵەت تیر باران کرا
تیر باران کرا
ئەو دیوارەی کە ئەویان لە پاڵیا
راگرت و تیر باران کرا
زەمانێ بە هێزێ
پیاوانی وەک خۆی هەڵسێنرا
ئەو چەکانەی کە بۆ
سەر دڵی نیشانە کرا
ئەو فیشەکانەی
کە سینگی رۆڵەتیان پێکا
زەمانێ بە هێزی
پیاوانی وەک خۆی دروست کرا
هەڵبەت ئەوان یا نەما بوون
یاجۆ لە ترسانا هەڵهاتبوون

ئەو ئەوانی کاتی کار بەدی دەکرد
تەنانەت ئەوانەش کە تیر بارانیان کرد
نە جیا لە ئەو بوون
نە تا کۆتایی، سەر لێشێواو بوون

ئەو چووە بەندیخانە
دەستی بەسترا و بەو زنجیرانە

که هاوڕێیان دروستان کردبوو
کاتێ که دەیانبرد
دەیدی که کارخانەکان دەڕوان
ریز لەگەڵ ریز
دادەمەزرا دووکەڵ کێشەکان

کازیوەی زووو بوو
کاتی شەهید بوون بوو
بەیانی زوو، تاریک و روون
هەرچەند کارگاکان هێشتا چۆڵ بوون
بەڵام ئەو دەیدی
هێزێکی لە بڕ نەهاتوو
گەشەی دەسەند و
پەرەی دەدا بە کارخانەکان
پەرەی دەدا بە کارخانەکان
( سێ ژن دێنە ژوورەوە کتێبێکی پیرۆز و قامێ چێشتیان پێیە.)
**ژنەکان**: ( لە دەرەوە) پاوول ولاسۆڤیان لە کاتێکا دەیویست لە سنوور تێپەڕێت و پا بنێتە فنلاند گرت و تیربارانیان کرد. ئێمە گشت دەم قڕەکانمان لەگەڵ خەشکە ولاسۆڤا فەرامۆش دەکەین و وەک عیسایی راستەقینە لە لای دادەنیشین و دڵسۆزی خۆمانی پێشکەش دەکەین. چون ئیمانی بە هیچ نییە دەگمەن بتوانێ شان بداتە بەر ئەم بەڵا گەورە. ( دێنە ژوورەوە)
**خاوەن ماڵ** : خوشکە ولاسۆڤا ئێوە لەم رۆژە نالەبارانەدا تەنیا نین و ئێمەیش گشتمان هاو بەشی

خەمتین( هەر سێکیان بوغز دەکەن و ئەدەدن لە پڕمەی گریان)
**دایک:** ( پاش ماوەیەکی کورت) تکا دەکەم چایەک بخۆنەوە با بێنەوە سەرخۆ.
**دایک:** ( چایان بۆ تێدەکات) باشتر بوون؟
**خاوەن ماڵ**: زۆر لەسەرەخۆ دیاری خوشکە ولاسۆڤا.
**ژنی دووهەم**: بەڵام حەقتانە، چارەنووسی گشتمان بە دەست خولایە.
**ژنی سێهەم**: خوا هەر چۆن خۆی پی مەسڵەحەت بێ وا ئەکات( دایک هیچ ناڵێت) ووتمان هاتوو کارێکمان لە دەست بێ. هەڵبەت ئەم کارانەی ئەم بەینەتان بە بیر و رای مە دروست نەبوو. بەڵام ... راستی ئەمە تۆزێ چێشتە، بەڵام ساردە ئەبێ گەرمی بکەیتەوە ( قابلەمە چێشتەکەی پێ ئەدات)
**دایک:** سپاست دەکەم لیدیا ئانتۆنوۆنا. زۆر مەرحەمەتت کرد و زەحمەتت کێشا ئەمەت هێنا. ئێوەیش بە راستیی زەحمەتتان کێشا کە هاتن.
**خاوەن ماڵ:** ولاسۆڤای خۆشەویست من کتێبە پیرۆزەکەی خۆیشمم بۆ هێناوە. بەڵکو بتەوێ کەمێ کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە. تا هەر کات پێت خۆش بێ دەتووانی رایگری( کتێبەکە دەدات بە دایک)
**دایک:** وێرا ئێستفانوۆنا لە نیەتی باشی ئێوە مەمنوونم. بەڵام ئەگەر وەری نەگرم خۆ لێم زویر نابی؟ وسۆفچیکۆڤی مامۆستا، کاتێ رۆییشت گشت کتێبەکانی بۆ من بەجێ هێشت.( کتێبەکەی پێ ئەداتەوە)
**خاوەن ماڵ**: ووتم بەشکو ئیتر نەتانەوێ ئەو رۆژنامانەتان بخوێننەوە.

**ژنی دووهەم:** راستی هەموو رۆژێک ئەوانە دەخوێننەوە؟
**دایک:** بەڵێ.
**خاوەن ماڵ:** خوشکە ولاسۆڤا، کتێبی پیرۆز زۆر جار سەبووری داوە بە دڵی من( بێدەنگی)
**ژنی سێهەم:** وێنەکەیت هەیە؟
**دایک:** نا چەند دانەیەکم بوو بەڵام پاشان بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست پۆلیس گشتم فەوتاند.
**ژنی سێهەم:** باش وایە ئەم جۆرە شتانە بۆ یادگار هەڵگیرێت.
**ژنی دووهەم:** بیستبووم پیاوێکی زۆر باش بوو.
**دایک:** بیرم هاتەوە، وێنەیەکیم هەبوو ، کاتێ گرتیان لێیان چاپ کرد بوو. خۆی بۆمی راگرتبووم( ژنەکان دەڕواننە ئێعلامیەی گرتنی پاوول)
**خاوەن ماڵ:** خوشکە ولاسۆڤا لێرەدا ئاشکرا نووسراوە کە کوڕەکەتان پیاو کوژ بووە، ئەو ئیمانی بە هیچ نەبووە، تۆیش نایشاریتەوە و وەک ئەوی. تەنانەت دەبێ بڵێم کە لە گشت دەرفەتێک کەڵک وەردەگری بۆ ئەوەی بیر و رای خۆت سەبارەت بە ئیمانی ئێمەمان پێ بفامێنی.
**دایک:** بەڵێ خوشکە وێڕا ئێستفانوۆنا. ئیمانی ئێوە بۆ من بێ بایەخە.
**خاوەن ماڵ:** هێشتایش بیر و راتان نەگۆڕدراوە؟
**دایک:** نا وێڕا ئێستفانونۆنا
**خاوەن ماڵ:** هێشتا لاتان وایە کە گشت شتێ بە عەقڵ و زمان رەوانی دروست دەبێ؟
**ژنی سێهەم:** وێڕا ئێستفانوۆنا من ووتم خەشکە ولاسۆڤا دەست لە بیر و رای خۆ هەڵناگرێ.

**خاوەن ماڵ:** بەڵام چەند شەو لەمەو پێش لە پشت دیواری ژوورەکەتانەوە دەنگی گریانتانم بیست.
**دایک:** هیوادارم بمبورن.
**خاوەن ماڵ:** پێویست نییە عوزرمایی بێنیتەوە، نیازم ئەمە نەبوو، بەڵام بە من بڵێن ئاخۆ لە رووی عەقڵ و زمان ڕەوانیەوە دەگریان؟
**دایک:** نا.
**خاوەن ماڵ:** باشە شوکر خۆتان ئەبینن عەقڵ و فامتان چۆن سەری لێ شێواندوون.
**دایک:** من لە رووی عەقڵ و زانستەوە نەدەگریام. بەڵام لە رووی عەقڵ و زانستەوە دەستم لە گریان هەڵگرت. چون کارێ کە پاوول کردی دروست و بەجێ بوو.
**خاوەن ماڵ:** ئەی بۆچی تیربارانیان کرد؟
**ژنی سێهەم:** چون هەموویان لەگەڵیا دوژمن بوون؟
**دایک:** بەڵێ. بەڵام دوژمنایەتی ئەوان لەگەڵ پاوولا، دوژمنایەتی لەگەڵ خۆیشیانا بوو.
**خاوەن ماڵ:** پلاگە ئا ولاسۆڤا. مرۆڤ پێویستی بە خوا هەیە، ئێمە بەرانبەر بە چارەنووس بێدەسەڵاتین.
**دایک:** بەڵام بە بڕوای من " مرۆڤ چارەنووسی مرۆڤە"
**ژنی دووهەم:** خانمی ولاسۆڤای ئازیز . ئێمەی لادێی...
**خاوەن ماڵ:** ( ژنی دووهەم نیشان دەدات) ئەو کەسی منە، بۆ دیەنی هاتووە.
**ژنی دووهەم:** ئێمەی دێهاتی بەلەونێکیتر بیر دەکەینەوە. لە کێڵگەکانمانا تۆو نییە. لە سفرەیشدا لە نانێ زیاتر نییە. شیر هەیە بەڵام هەواڵێ لە مانگا نییە.

چەنا شەو لەترسی هەورە تریشقە و لافاو نەمانوێراوە بنووین، ئێوە هەرگیز تەرزەتان دیوە؟
**دایک:** تێدەگەم. ئێوە لەم کاتانەدا لە دریانەی خوا ئەپاڕنەوە.
**ژنی دووهەم:** بەڵێ.
**دایک:** کاتی بەهاریش کاروانە ئایینیەکان دەڕازێننەوە و دەچن بۆ زیارت.
**ژنی دووهەم:** بەڵێ وایە.
**دایک:** پاشان ئاسمان چەخماخە دەدات و تەرزە دەبارێ و ئاژەڵ لەڕ دەبن. لە ناوچەی خۆتانا هیچ لادییەک دەناسن کە بەرانبەر بە زیان و کەمی خەڵە و خەرمان و یا نەخۆشینی ئاژەڵ بیمە کرا بێت؟
**ژنی دووەم:** بیستوومە هەندێ کەس بیمەن.
**دایک:** چاکە. کاتێ پاڕانەوەی کەڵکی نەبوو بیمە یارمەتی ئەدات، بەڵێ کاتێ کە هەورەکان لە ئاسمان دەبینن پێویست ناکات لە درگای مەسێح بپاڕنەوە. تەنیا پێویستە بیمە بن، ئەگەر عیسا توواناى خۆی لە دەست دابێ خراو بە حاڵی. کاتێ عیسا لە کێڵگەکانتان نەمێنێ لە بیریشتان دەچێتەوە، کاتێ عازەب بووم خەڵک هێشتا بڕوایان وەها بوو کە ئەو مینا پیرە پیاوێکی ناوچاو نوورانی لەسەر تەختی ئاسمان دانیشتووە. پاشان کاتێ کە فڕۆکە دروست کرا رۆژنامەکان نووسیان دەکرێ هەموو شتێکی ئاسمان بپێوێت. ئیتر خەڵک ناویان لە عیسای ئاسمان نەبرد. ئەو کاتە ووتیان ئەو وەکو هەوا وایە و لە گشت جێگەیەک هەیە و لە هیچ جێگایەکیشا نییە، بەڵام هەر کە زانییان هەوا لە چی پێکهاتووە دیتیان ناکرێ وەک هەوایش ببێ و بەم لەونە بەرە بەرە عیسا غەیب بوو و نەبینرا تا

وەکو بوو بە هەڵم. لەم ڕۆژگارەدا پێمان دەڵێن کە ئەو شێوەیەکی تایبەتی ڕۆحییە، بەڵام لیدیا ئانتۆونا ، ئەمەیش جێ متمانە نییە.

**ژنی سێهەم:** یانی چون ناتوانین ببیبنین و بزانین لە کوێیە ئیتر ئەو گرینگ نییە؟

**خاوەن ماڵ:** لە بیرت بێ کە بۆ چ عیسا پاوولی کوڕتی لێت سەندەوە.

**دایک:** نا، نا، بۆ بە هەڵەدا دەچن. ئەوە تێزار بوو کە وای پێکردم و دەشزانم بۆ وای کردووە.

**خاوەن ماڵ:** مەسێح وای پێکردووی نە تێزار.

**دایک:** لیدیا ئانتونۆنا بیستوومە هەر ئەو کەسەی پاوولی منی تیا برد ئەیەوێ ئەم شەممەیەی کە دێ ژوورەکانت پێ چۆڵ بکات. ئاخۆ مەسێح ئێختارییەی بۆت ناردە؟

**خاوەن ماڵ:** من ئێختارییەم بۆ ناردووە. سێ حەوتەیە کرێ خانووی نەداوە

**دایک:** وێرا ئێستفانۆنا ، مەسێح فەرموویەتی کە تۆ کرێی ئەو سێ حەوتەیە وەر نەگری. بەڵام تۆ بە گوێرەیت کرد؟ ( وێرا ئێستفانۆنا بێدەنگە) تۆ ئێختارییەت ناردە بۆ لیدیا و ئەوت فڕێ داوەتە کۆڵان . بەڵام تۆ لیدیا، کاتی مەسێح فەرمانی دا کە ئاوارەی کوچە و کۆڵان بی چت کرد؟ بەڵکوو نیازت وا بێ لە خوشکی خاوەن خانووت داوا بکەی کتێبە پیرۆزەکەی بە تۆ قەرز بدات و تۆ لە ناوەڕاست کۆڵانا دانیشی و پەڕە پەڕە هەڵیدەیتەوە و بۆ منداڵەکانتی بخوێنیتەوە و فێریان بکەی چۆن لێی بترسن.

**خاوەن ماڵ**: ئەگەر تۆ لە باتی ئەم قسانە دۆعا و کتێبی پیرۆزت بۆ کوڕەکەت بخوێندایێ ئەو ئێستا زینوو بوو.
**دایک**: زیندوو. بەشکەم وابێ. بەڵام ژیانی خراپ دەبوو. ئێوە بۆ تەنیا لە مردن دەترسن؟ کوڕەکەی من ئەونەهایش لە مردن نەدەترسا.( دەخوێنێ)
بەڵام ئەو بۆ ئەو بەختی رەشی
شارەکانی مە دەلەرزا
برسیەتی گێژ و وڕی کرد بووین
سەرباری گشت ئەمانە
زۆڵیەتی ئەو چەپەڵانە
کە ئەم ژینەیان بۆمان دابین دەکرد
ئەوی هان دا بکەوێتە دەست و برد
ئەوەن لە مردن مەترسن
لە ژینی خراپ بترسن
لیدیا بە کاری چی دێ لە مەسێح بترسی؟ دەبێ لە وێرا ئێستفانۆنا بترسێ. خوازتی نەناسراوی خوا نەبوو کە پاوولی کوشت بەڵکو خوازتی ناسراوی تێزار بوو کە ئەوی کوشت. هەر وەک وێرا ئێستفانۆنا کە تۆی لە ژوورەکەت فڕێ دایە دەرۆ. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە مرۆڤی خوانەناسیتر بە بەختیاری لە کۆشکەکەی خۆیا راکشاوە و بە حەزی دڵی تۆی لە کار بێکار کردووە، بۆ قسەی مەسێح دەکەن؟ دەڵێن لە کلیسەکاندا خانوو زۆرە بەڵام لە رووسیەدا زۆر کەمە. ئەی بۆ قەت ئەمە ناڵێن و ئێوەیش هەرگیز پرسیاریان لێ ناکەن.
**ژنی سێهەم**: وێرا خانم ئەو کتێبە پیرۆزەت تاوێ بدە بە من. لەوێدا ئاشکرا دەڵێ: « ئاگاداری دراوسێکەت

بە« ئەی بۆ منت دەرکرد؟ بێنە تا نیشانت دەم. ئەمە زۆر سووک و سانایە ئەوان پاوول ولاسۆڤیان کوشت لە بۆ ئەوەی کە لایەنگری چینی کرێکار بوو و خۆیشی هەر کرێکار بوو.
**خاوەن ماڵ**: کتێبی پیرۆزی من ناتووانی بۆ ئەم کارە وەرگریێ. نا. بۆ ئەم کارە نا!
**ژنی سێهەم**: ئەی ئەگەر نەتووانم نیشانەیەک لە مەسێحت ببینم ئەی بەکاری من چ دێت؟ ( دەیەوێ کتێبەکە لە دەست خاوەن ماڵ وەرگرێ)
**ژنی سێهەم**: ( کتێبەکەی توند گرتووە) ئەی بۆ چ کارێ پێم دەدەی؟ بۆ کارێ کە بەکارم نایەت؟ کتێبەکە بدە بە من تاکو نیشانت بدەم.
**خاوەن ماڵ**: ئەمە کتێبی خۆمە.
**ژنی سێهەم**: وەکو ژوورەکان، وایە؟
**خاوەن ماڵ**: ئێستا شتێکت لە ناو ئەم کتێبە نیشان ئەدەم. لەوێدا سەبارەت بە پەلاماردانی ماڵی خەڵک نووسیویەتی( کتێبەکە دەدڕێ)
**ژنی دووهەم**: ( لاپەڕەکانی کتێبەکە کۆ دەکاتەوە) کتێبەکە پەڕە پەڕە بوو.
**دایک**: ( ئاگای لە چێشتەکەیە) چاتر وایە ئاگاداری چێشتەکە بم نەڕژێ، کتێبەکە قەید ناکات.
**ژنی سێهەم**: ئەگەر ئیمانم بە خوا نەبووایەت کە پاداشتی چاک و خراپ ئەداتەوە هەر ئەمڕۆ لەگەڵ پلاگە ئا ولاسۆڤا دەبووم بە هاو دەنگ( دەڕواتە دەرەوە)
**خاوەن ماڵ**: پلاگە ئا ولاسۆڤا چاوت لێیە چ بەڵایەکت هێنا بەسەر لیدیادا؟ کوڕەکەت لەم قسانەی دەکرد بۆیە

تیرباران کرا. حەق وایە تۆیش تیر باران کرێیت.(
لەگەڵ ژنی دووهەمدا دەڕۆنە دەرەوە)
**دایک:** خەڵکی نەزان و هەژار! ( بە دوایاندا
دەنەڕێنێ) پێشنیار دەکەم زەوی و زار و خەڵە و
خەرمانەکەتان بیمە بکەن( دەدرێ بە عرزا)

**تابلۆی دوازده - سوچێکی شەقام**

کرێکاری یەک، کرێکاری دوو، کرێکاران، دایک

( 1914 شەڕ هەڵدەگرسێ: چەند کرێکار دایک دێننە لای خانووێک ، زۆر خراپ بریندار بووە.)

**کرێکاری یەک:** چی لێ هاتە؟

**کرێکاری دوو:** ئێمە ئەم پیرێ ژنەمان لە ناوەندی خەڵکەکە بەدی کرد کە خەریک بوو هەستی ئەوانی بەرانبەر بە شەڕ دەوروژاند و هاواری دەکرد: « بمرێ شەڕ» پاشان بەرپرسی هێمنایەتی هاتن و سەر و چاویان بە باتۆم داگرت، ئێمەیش خێرا هێنامان بۆ ئێرە. سەر و چاوی پشۆ.

**کرێکاران:** خوشکی بەڕێز، پێش لەوەی بتانگرن ، هەڵێن.

**دایک:** جانتاکەم کوا؟

**کرێکاران:** ئاوەتا. لێرەیە!

دایک: جانتاکەم چەند ئێعلامیەیەکی تیایە، ئێوە دەتووانن چۆنایەتی راستەقینەی مەی کرێکار لە شەڕ لە ناو ئەم ئێعلامیانە ببینن. ئەوانە راستەقینەتان پێ نیشان ئەدەن.

**کرێکاران:** خوشکی بەڕێز بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان و راستەقینەکان باش لە ناو جانتاکەتا هەڵگرە! ئێجگار ترس‌هێنەرە. ئەگەر ئێمە لەگەڵ تۆدا ببینن لێمان دەدەن و تەنانەت ئەیشمان خەنە بەندیخانە. هێشتا بەستان نییە؟

**دایک:** نا ، نا، ئێوە ئەبێ بزانن لە ناو ئەمانەدا چی نووسراوە. نەناسینە شوێن و کاتمان ئاوقەی ئەم چۆنیەتیەی ئێستای کردووین.

**کرێکاران**: بەرپرسەکانی هێمنایەتیتان لە بیر چووەتەوە؟
**دایک**: ئەوانیش نەزانن.
**کرێکاران**: بەڵام رابەرەکانی ئێمە پێمان دەڵێن: گەورەترین ئەرکی سەر شانی مە سەرکوت کردنی ئەلمان و داکۆکی لە وڵاتەکەمانە.
**دایک**: بە بیر و رای ئێوەیش وەهایە؟ ئەوان چ رابەرێکن؟
شان بە شانی دوژمنانی چینی خۆتان بە شەڕ دێن؟
خۆتان کرێکارن و دژ بە کرێکاران رادەوەستێن؟
ئەوەی بە قوربانی دان چنگتان کەوت
بە لێ بوردن لە خوازتەکانتان دەفەوتێت
چەژەکانتان لە بیر نەماوە؟
هوە وەها یەکەتی قازانجی گشت کرێکارانی جیهان
لە شەڕ هاوبە شیتانا
دژ بە دوژمنانی چینی خۆتان.
**کرێکاران**: ئیدی ئەمانە گشت بێمانایە. لە هەندێ کارخانە دژ بە شەڕ مانیان گرت بەڵام ئەوان مانیان تێک شکاند، خوشکی بەڕێز گەڕێرەوە بۆماڵەوە. دنیا بەو شێوە ببینە کە هەیە. ئەوەی ئێوە لە دوی عودالٌن هەرگز پێک نایەت هەرگیزاوهەرگیز.
**دایک**: بەلانی کەمەوە سەرنجی بدەن بزانن سەبارەت بە شوێن و کاتمان چ نووسراوە. ناتانەوێ سەرنجی بدەن ( ئێعلامیەکان لەبەر دەمیان رادەگرێ) ناتانەوێ ببیینن؟
**کرێکاران**: قسەی تیا نییە کە مەبەستتان ئاگادار کردنی ئێمەیە، بەڵام ئێمە ئیتر ئێعلامیەکانی ئێوەمان ناوێ. ئێمە ئیتر خۆمان تووشی سەر ئێشە ناکەین.

**دایک:** ب...ڵ....ێ بەڵام باش بیر بکەنەوە... تەواوی جیهان( بە شێوەیەک دەنەڕێنێ کە کرێکارەکان بەپەلە دەمی دەگرن) لە تاریکاییەکی ترسهێنەردا دەژی و تا ئێستا تەمایەری ئێوە بووە. ئێوە کە دەتانتووانی لە رووی عەقڵ و بیرەوە بیربکەنەوە.... بیر بکەنەوە! ئەگەر نەیگرنە ئەستۆ و بە گوێرەیان نەکەن...

**تابلۆی سێزده-ماڵی مامۆستا**
مامۆستا، پزیشک ، دایک
( دایک له جێدا کەوتووه، مامۆستا دوکتوری بۆ دێنێ)

**مامۆستا:** ئەو له ناوەراست خەڵکەکەدا بووه و دراوه به عرزا، تکا دەکەم سەبارەت به پاره هیچ قسەیەکی لەگەڵا مەکە. هەر چەنێ بێ خۆم دەینێمه سەر چاو. ( به دایک) مەترسن خانمی ولاسۆڤا من تکام له دوکتور کرد بێت بۆ ئێره. هەناسەی سواری تۆ پەرێشانی کردبووم.( دوکتور دایک مەعاینه دەکات)

**دایک:** پێیان ووتیی که من پوڵم نییه؟ ( دوکتور بەسەر دەڵێ بەڵێ)

**دوکتور:** ( سەر رادەوشێنێ و به مامۆستا دەڵێ) زۆر خراپ زەبریی دییوه. تەمەنیشی کەم نییه.( دوکتور دەڕوات، مامۆستا له پاڵ جێگەکەی دایک دادەنیشێ)

**دایک:** رۆژنامەکان چییان نووسیوه؟

**مامۆستا:** حکوومەت نێزامیه. پێنج کەس له نوێنەرانی ئێوەیان له «دوما» گرتووه و به تاوانی خەیانەت دوور خراونەتەوه بۆ سیبیری. من دەڕۆمه خوارەوه تا دوا هەواڵی تایبەتی وەرگرم. ئامانجیان فەوتاندنی ئێوەیه( دەڕواته دەرۆ)

**وێژەران**
( بۆ دایکی دەخوێنن)
هەسته ئێمه له خەتەراین
تۆ نەخۆشی بەڵام،
ئێمه له حاڵی مردناین
رەنگ زەردی، لاوازی
بەڵام بۆ مه جێی نیازی
هەرچەن گومانت بوو پێمان

گومانت نەبێ لەسەر کەلاین
سەرزەنشت ناکرێین وەک جاران
هەوڵ دەدەین بە دڵ و گیان
هەستە، هەستە ، هەستە
یارمەتی تۆمان پێویستە
تۆ نەخۆشی، بێ تین و لاوازی
بەڵام بۆ ئێمە جێگەی نیازی
مەمرە، بۆ مردن زووە
وەرە مەچۆ دواوە
مەترسی گەمارۆمانی داوە
هەستە، بوونت پێویستە
( دایک بە کۆششێکی زۆر هەڵدەستێ و جل و بەرگی لەبەر دەکات ، کیفەکەی هەڵدەگرێ. دوو دڵە ، بەڵام ئەنجام دەچێتە دەرەوە)

**تابلۆی چوارده- شوێنی کۆ کردنەوەی مس بۆ نیشتمان پەروەران**

حەوت ژن، دایک ، بەرپرس

( دایک بە پڕ و پاگەندەی دژ بە شەڕی خۆ درێژه دەدات، حەوت ژن کە قاپ و کەوچکی مسیان پێیە لەگەڵ دایکا کە فنجانێکی بچکۆڵانەی پێییە لە بەر درگایەک راوەستاون کە بە ئاڵایەک رازاوەتەوە و لەسەر درگا کە نووسراوە « شوێنی کۆ کردنەوەی مس بۆ نیشتمان پەروەران» بەرپرسێک بە جل و بەرگی خەڵکەوە دێت و درگاکە دەکاتەوە)

**بەرپرس**: هەر ئێستا راگەیاندرا کە سەربازە دلێرەکانی ئێمە بە توونائێکی بێ هاوتا دژی « پڕزمیسل prgemysd » یان بۆ جاری چوارەم لە چنگی دوژمن دەرهێناوەتەوە. سەد هەزار کوژراوو دوو هەزار کۆت کراو. بە فرمانی سەرەک بنکەی ناوەندی ئەرتەش گشت فێرگەکان سبحەینێ تەحتیلن و کلیسە زەنگەکانی لێدەدات. بژی رووسیەی پیرۆزی مە. شوێنی وەرگرتنی قاپ و کەوچکە مسییەکان پێنج خولەکیتر دەکرێتەوە.( دەچێتە دەرەوە)

**ژن**: جێی رەزامەندییە! شەڕی مە باش درێژەی پەیدا کردووه.

**دایک**: من تەنیا ئەم قروشەکەیە شک دەبەم. بە مە زیاتر لە پێنج و ئەو پەڕی شەش گوللە دروست ناکرێ. پێتان وایە چەند دانەیان نیشانکردەکانیان دەپێکن؟ لە شەش گوللەکە بگرە دوانیان و لەو دوو دانەیش ئەوپەڕی یەکێکیان کاری ئەبێت. کترییەکەی ئێوە بەلانی کەمەوە بیست فیشەکی لێ دروست دەکرێ. ئاوخۆریەکەی ئەو خوشکە لەو پێشەدا

راوەستاوە نارنجۆکێکی لێ دروست دەکرێ، نارنجۆکێ دەتووانێ بە جارێ پێنج ، شەش کەس بکوژێ( قاپەکان دەژمێرێ) یەک ، دوو،سێ، چوار، پێنج،شەش،حەوت، نا،نا . ئەو خوشکە دووانی هێناوە. کە واتە دەبێ بە هەشت . هەشت کوت مسینە. ئەمانە بۆ تەیار کردنی هێرشێکی کوتوپڕانەی بچووک بەسە( بزە دەگرێ) بیری لێ بکەنەوە ئەگەر من ئەم قرووشکە بچکۆلانەم نەدەهێنا چی رووی دەدا؟ لەسەر رێگەی هاتنم بۆ ئێرە ، دوو سەربازم دی، بەراستی دەبووا بمانزانیایێ ئەوانە کێ بوون. رووی دەمیان تێکردم و ووتیان : « بەڵێ، بڕۆ بزنی پیر! بڕۆ بەشە مسەکەی خۆت ببە با شەڕ هەرگیز کۆتایی نەیەت! » بیرتان لە شتی وا کردەتەوە؟ ترس‌هێنەر نییە؟ ووتم : « ئێوە شیاوی مردنن» ووتم: «ئەگەر بە بردنی ئەم قرووشکە بچکۆلانە دەمی گڵاوی ئێوە ببەسترێ ئەوا قرووشکەکەم بە زایە نەچووە. تەنیا دوو فیشەک بەسە« جیا لەوە. بۆ من قرووشکەکەم پێشکەش بەم دام و دەزگا دەکەم؟ ئەم کارە دەکەم با شەڕ کۆتایی نەیێ.

**ژن** : چ دەڵێی؟ ئەگەر مسیەکانمان بێرین شەڕ تەواو نابێ؟ ئێمە تەنیا بۆ ئەوەی کە شەڕ کۆتایی بێت ئەمانە ئێرین!

**دایک**: نا، ئێمە ئەوانە ئێرین کە شەڕ کۆتایی نەیەت!

**ژنی رەشپۆش**: نا، ئەمە هەڵەیە. ئەگەر ئەوان مسیان ببێ دەتووانن نارنجۆک دروست بکەن و زووتر سەرکەون. پاشان شەڕ کۆتایی دێت.

**دایک**: بۆ نازانن؟! ئەگەر ئەوان نارنجۆکێ زیاتریان ببێ دیارە تەواو نابێ و ئەوان دەتووانن زیاتر درێژە

به شەڕ بدەن. تا کاتێ تەقەمەنیان ببێ شەڕ درێژەی هەیە ئەوەیش بزانن کە دوژمنیش خۆ تەیار دەکات و مسینە کۆ دەکاتەوە.
**ژن:** ( ئیشارەت بە پۆسترێک دەکات) « بە هاوردنی مس شەڕ کورت دەکەنەوە!» ناتووانی بیخوێنیتەوە؟
دایک: بە هێنانی مسینە شەڕ درێژە پێ دەدەن! ئەم کارە کاری سیخوڕەکانە!
**ژنی رەشپۆش:** بەڵام تۆ پێت خۆشە شەڕ درێژەی ببێ؟
**دایک:** دەی ، کوڕەکەی من پاش شەش مانگ دەبێ بە گوروبان دوای دوو هێرشیتر! ئەوسا دوو بەرانبەری ئێستا پوڵمان پێ ئەدەن. ئێمە دەبێ ئەرمەنستان و گالیسا Galicia ش بگرین و دیارە تورکیەشمان ئێجگار نیازە.
**ژنی رەشپۆش:** چیمان نیازە؟
**دایک:** تورکیە. ئەبێ پولێکیشمان کە لە فەرەنسیا سەندووە بە شێوەیەک بیدەینەوە. ئەم شەڕە بۆ رزگارییە.
**ژن:** ئەڵبەت، دیارەکە ئەم شەڕە بۆ رزگارییە، بەڵام بەم شێوەیە ئەبێ ئەم شەڕە هەتا کۆتایی دنیا درێژەی ببێ.
**دایک:** وەڵلا، بەلانی کەمەوە تا شەش مانگیتر ئەبێ درێژەی هەبێ!
**ژنی رەشپۆش:** پێت وایە ئەگەر دیسانیش مسینەیان ببێ تا ئەو کاتە بخایەنێ؟
**دایک:** بەڵێ، بێ گومان. ئەگینا شەڕی سەربازەکانمان بە فیڕۆ دەچێ. کوورەکەی تۆیش لەوێیە؟ باشە، بڕوانە

کورەکەت لەوێیە و تۆیش مسینەیان پێ ئەدەی. بەم لەونە بەلانی کەمەوە شەش مانگی‌تر دەخایەنێ.
**ژنی رەشپۆش:** من کە تێناگەم. هەوەڵ دەڵێی شەڕ بەم زووانە کۆتایی دێت: پاشان دەڵێی نا، دیسانیش درێژەی دەبێ. مرۆڤ کامیان باوەڕ بکات؟ من مێردەکەم نەماوە و کوورەکەیشم لە « دروازەی پرزمسیل» ە. من دەڕۆمەوە بۆ ماڵ.
( دەڕواتە دەرەوە. زەنگەکان دەنگیان دێت)
**ژن:** زەنگەکانی سەرکەوت
**ژنی کرێکار:** دەزانی، پێویست نەبوو بەو بڵێی دەیانەوێ شەڕ گەشە بسێنێ. هیچکەس ئەمەی ناوێت.
**دایک:** نایانەوێ؟ ئەی تێزار چی؟ ئەفسەرەکانی چی؟ ناڵێی لە شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیا دەترسن؟ ئەوان دەڵێن: « شوێن پێی دوژمن هەڵگرن. یان سەرکەوتن یان مردن» ئەبێ هەروایش بێ. ئاگات لە زەنگەکان نییە؟ زەنگەکان تەنیا بۆ دوو شت دێنە گۆ : سەرکەوتن یان مردن. تۆ بۆ ئەبێ دژی شەڕ بیت؟ تۆ کێی؟ ئەگەر بەهەڵەدا نەچبم ئێمە گشتمان کەسانێکی خانەدانین. بەڵام تۆ وەکوشتێ کرێکاری. کرێکاری یا نا؟ وەڵام بدەرەوە، تۆ کەسێکی کە دەتەوێ خۆت بتەپێنیتە ناو کۆڕی مە! فەرامۆش مەکە کە لە ناو کەسانێکی وەک تۆ و ئێمە جیاوازییەکی زۆرە!
**کارەکەر:** نە ئەبووا ئەمانەت پێ بووتایێ. ئەویش بۆ ئەم ئاووخاکە قوربانیی داوە.
**دایک:** ( بە ژنەی کرێکار) ئاخر تۆ چۆن ئەم کارانە بە حەزی دڵ دەکەی. شەڕ چ قازانجێکی بۆ تۆ هەیە؟ تەنیا خۆپیشاندان تۆی راکێشاوە بۆ ئێرە نە شتێ‌تر. بە بێ تۆ و کەسانێ چون تۆ ئێمە خۆمان دەزانین چ

بکەین. ئەم شەڕە هی ئێمەیە! ئەڵبەت هیچ کەس بەرگری لە بەشدار بوونی ئێوەی کرێکار لەم شەڕەدا ناکات. ئێستا گەڕێرەوە بۆ کارخانەکەت. لە بیری مزی چاکتردا بە. پێویست نییە بڕۆی بۆ جێگەیەک کە لێی نامۆی.( بە کارەکەر) ئەگەر بە راستی ئەیەوێ ئەو قاپ و کەوچکە کۆنانە بدات لێی وەرگرە( کرێکاری ژن بە پەلە دەڕواتە دەرەوە)

**ژنی سێ**: ئەم کەسەی کە وەها قسەی زل زل ئەکات کێیە؟

**ژنی چوار**: نیوەسەعاتە ئاگام لێیە خەڵک پاشگەز دەکاتەوە.

**ژنی سێ**: ئەزانی ئەو چ کارەیە؟ پەلپ گرە.

**ژنەکان**: چی؟ ئێوە پێتان وایە ؟- من دەزانم . ئێجگار فێڵبازە- لێی گەڕن بە رێی خۆی- ئێمە ئەبێ خۆمانیان لێ بپارێزین. ئەوان هەزار و یەک رەنگیان هەیە. ئەگەر بەرپرسی هێمنایەتی بێت دەیگرێت.

**دایک**: بەڵێ. من پەڵپ گرم . ئێوەیش هەمووتان پیاو کوژن. دانە بە دانەتان کە راوەستاون. هیچ ئاژەڵێک بەم چەشنە منالّی خۆی بە کوشت نادات. بەڵام ئێوە بە بێ هیچ بەڵهەیەک و تەنیا لە بۆ باسێکی گەوجانە ئەم کارە دەکەن، ئەبێ منالّدانی ئێوە لە زگتان دەربێنن و فڕێی دەن تا بڕزێت. تا دەسبەجێ نەزۆک بن. کوڕەکانی ئێوە بۆ ئەبێ بۆ لای ئەم دایکانە بگەڕێنەوە! ئەوان نەفامانە لە دایک بوون و ئەبێ گەوجانە بمرن. بەڵام ئێوە پیاو کوژن.

**ژنی یەک**: ( دەگەڕێتەوە) ئێستا حاڵیت دەکەم. ( بەرەولای دایک دەچێ و بە ئاوخۆریەکەی ئەدا بە ناوچاویا. ژنێکیتر دەگەڕێتەوە و تفی لێدەکات. لەم

کاتەدا درگا دەکرێتەوە و ئەو سێ ژنە دەچنە ژوورەوە)

**کارەکەر:** ( کە هێشتا نەڕۆیشتووە) ئێوە نابێ زویر بن. بەڵام بە من بڵێن ئەبێ چ بکەم؟ من دەزانم کە ئێوە دژی شەڕن بەڵام ناتووانم ئەم مسینانە ببەمەوە بۆ ماڵی گەورەم. نایشمەوێ بیاندەم بێرە. بەڵام ئەگەر نەیدەم نە تەنیا یارمەتیەکی کەسم نەداوە بەڵکوو کارەکەیشم لە کیس ئەچێ. بە رای ئێوە ئەبێ چ بکەم؟

**دایک:** هیچ کەس بە تەنیا هیچی لە دەست نایەت. قاپە مسینەکان هەر وەک گەورەت ووتویەتی بدە بێرە. گەورەکانی تۆ بە کەسانێ وەک تۆ بۆ شەڕ کەڵکی لێوەر دەگرن. بەڵام کەسانێ وەک تۆ دەتووانن لەسەر ئەوە ساخ ببنەوە کە لە گەڵ کێ شەڕ بکەن. ئەمشەو وەرە بۆ ( بە گوێیدا ناونیشانێ دەچرپێنێ) بڕیار وایە یەکێ لە کرێکارانی پوتیلۆڤ قسە بکات. لەوێ تێدەگەی کە ئێمە ئەمانەوێ چ بکەین، ئاگادار بە ناونیشانەکە بە کەس نەڵێی.

**تابلۆی پازده - شەقام**

کرێکاری هەوەڵ، کرێکاری دووهەم، کرێکاری سێهەم، دایک، کارەکەر

( لە پێشەوەی خۆ پیشاندەران دایک ئاڵایەکی هەڵگرتووە و کارەکەریش شان بە شانی ئەو هەنگاو هەڵدەگرێ.)

**کرێکاری هەوەڵ**: کاتێ لە « لیبینەوە« تێدەپەڕاین، هەزاران کەسمان لە گەڵ بوو. نزیکەی پەنجا کارخانە مانیان گرتبوو و مانگرەکان لەگەڵ خۆپیشاندانی دژ بە شەڕ و حکوومەتی تێزاری ئێمەدا تێکەڵ ببوون.

**کرێکاری دووهەم**: زستانی 1916 تا 1917 ، نزیکەی 250 هەزار کرێکار لە کارگاکانا مانیان گرت. ئەوان بە زۆر هۆی جۆراوجۆرەوە پێوەندییان لەگەڵ ئێمە گرت.بە هۆی گرانی، کەم بوونەوەی مزەکان، نەبوونی پێویستیە سەرەکیەکانی ژیان، نائومێدی بەرانبەر بە شەڕ و شێوازێک کە لە سونگەیەوە لادییەکان و کرێکارە برسیەکانیان بەرەو کوشتارگاکانی شەڕ لێدە خوڕی.

**کرێکاری سێهەم**: لە سەر دروشمەکانمان نووسرابوو «نەمێنێ شەڕ» و ئاڵاکانمان لەگەڵ هەڵگرتبوو.

**دایک**: چاوتان لێیە؟ هێشتا زۆر کارم هەیە کە دەبێ بیکەم. من پلاگە ئا ولاسۆڤا. بێوەژنێکی کرێکار. چەناساڵی لەمەو پێش کاتێ دەمدیت کوڕەکەم نارازییە، پەرۆش دەبووم و دادەگیرام، لە هەوەڵەوە هەستم بە نائومێدی دەکرد بەڵام پاشان لە خەباتی ئەوا بۆ بەرگری لەکەم بوونەوەی مز بەشداریم کرد. ئەو دەمانە مانگرتنەکانی مە بچووک و بۆ مزی باشتر بوو و ئێستا لە ناوەندی کارخانەکانی تەتەمەنیدا گێرۆدەی

مانگرتنی گەورە گەورەین. ئێمە بۆ دەستکەوتی هێز و تووانە بە شەڕ دێین.
کارەکەر: زۆر کەس دەڵێن ئێمە هەرگیز بە داخوازییەکانمان ناگەین و ئەبێ هەر بەم شتانەوە کە هەمانە دامرکێین، هەرچۆنێ بێ گەورە و خاوەن کارگا تووانی لە بڕ نەهاتوویان هەیە. ئەوان تاونەتاوێ ئێمە سەرکوت دەکەن. تەنانەت زۆریەک لە کرێکارانیش دەڵێن هەرگیز بەوشتانەی ناگەین کە دەمانەوێ.

ئەگەر هێشتا زینووی، هەرگیز مەڵێ هەرگیز!
بڕوا نییە ئەوەی بڕوا دەنوێنێ
هیچ شتێ بەم شێوەیە نامێنێ
پاشی قسەی زۆرداران
نۆرەی هاواری چەوساوانە
کێ ئەتووانێ بڵێ هەرگیز؟
لە ژێر باری زوڵما
ئەوەی جێی سەرزەنشت بێ خۆمانین
هەر تەنیا ئێمەیش دەتووانین
کۆتایی بە زوڵم و زۆر بێنین
چەوساوان هەڵدەستنە سەر پێ
زوڵم لێ کراوان دەکەونە رێ
ئەو کاتە کێ
دەتووانێ رێ
لە خەڵکی ئاگادار بگرێ؟!
ژێر دەستانی ئەمڕۆ
هێزی پیرۆزی سبحەینێن
کە واتە هەرگیز
هەر ئێستایە بێن

**کارەکەر**: ژنێکی شەست ساڵە ئاڵاکەی ئێمەی نابوو بە کڕاکەی شانیەوە، پێمان دەووت: ئەو ئاڵایە بۆ تۆ قورسە بیدە بە ئێمە. بەڵام ئەو ئەیووت:
**دایک**: نا کاتێ ماندوو بووم ئەیدەم بە ئێوە.
**کرێکاری هەوەڵ**: ئەو بە بێ ئەوەی هەست بە ماندوویی بکات سەرانسەری رۆژ لەگەڵ ئێمەدا رێگەی بڕی.

Filename: dayk-1.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title:
Subject:
Author: dilax
Keywords:
Comments:
Creation Date: 8/16/2008 3:05:00 PM
Change Number: 2
Last Saved On: 8/16/2008 3:05:00 PM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 7 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:38:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 99
Number of Words: 15,353 (approx.)
Number of Characters: 87,516 (approx.)